# ڕەها

ئازادی ژنان پێوەری ئازادی کۆمەڵگایە
ژمارە: (سفر)

**گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵایەتی وەرزیە تایبەتە بە کێشەکانی ژنان**



ئازادی ژنان پێوەری ئازادی کۆمەڵگایە

# ڕەها

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵایەتی وەرزیە تایبەتە بە کێشەکانی ژنان


ساڵی یەکەم ژمارە (سفر) ١٩٩٩

سەرنووسەر: کەژاڵ حمە رشید


بابەتەکانی ئەم گۆڤارە گوزارشت لە بۆچوونی خاوەنەکانیان دەکەن ڕەها لێیان بەرپرس نیە

لە پێناو سەرخستنی بزووتنەوەی ژنان و بردنە پێشەوەی کێشەکانیان و ڕزگاری یەکجاری ژنان دا، گۆڤاری ڕەها بخوێننەوەو بابەتی بۆ بنێرن و بەهەر شێوەیەك بۆتان دەکرێت هاوکاری بکەن


پیت چنین و نەخشەسازی: مەڵبەندی کۆمپیوتەری تیشك

لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| - ووتەیەک | سەرنووسەر | ل٣ |
| - چاوگێڕانێک بەسەر بڵاوکراوەکانی ژنان دا | کەژاڵ حمە رشید | ل٤ |
| - بەردەبارانی کام سەدە ؟! | چیمەن علی | ل٧ |
| - بۆچی خۆسوتاندن ؟ | ئەسرین عبداللە | ل٨ |
| - گفتوگۆ لەگەڵ نازەنین سەبارەت بە جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی | ئامادەکردنی/ سارا | ل٩ |
| *هەواڵ | | ل٢٠ |
| - لە کۆنگرەی مەدریدا دروشمی بەرەو یەکسانی لە کریدا بەرزکرایەوە | | |
| - نارەزایەتی ژنانی پەرلەمانتار لە ئیسرائیل | | |
| - ساڵی ٢٠٠٣ ژنانی کوێت بەشداری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن | | |
| - ناساندنی دووبڵاوکراوە | | ل٢١ |
| • میدوسا | | |
| • شکاندنی حەرام یان پیاسەیەک بەناو کێڵگەی تیرۆردا | | |
| - سانسۆری شسلاء تەنانەت لەسەر گۆرانی ووتن ! | کەژاڵ حمە رشید | ل٢٢ |
| - دینامیک رەمزێک بۆ خۆشەویستی | | ل٢٥ |
| - گۆرانی تایتانیک | | |
| - چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گۆرانی بێژ ئەمەل سەعید | ئامادەکردنی/ چیمەن علی | ل٢٦ |
| - کاری نێو ماڵ کۆیلەتی ژنان | کەژاڵ حمە رشید | ل٢٩ |
| - ریپۆرتاژێک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی کوران و کچان | ئامادەکردنی/ سارا | ل٣٣ |
| - بۆچی سەرپەرشتی منالان لە ئەستۆی دایکە ؟ | سەرگوڵ ئەحمەد | ل٤٢ |
| - ئامارەی ئامارەکان | د. لیلی عبدالوهاب وەرگێڕان : ئەسرین عبداللە | ل٤٤ |

## ووتەیەك



ڕاگەیاندن و گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوكراوەكان بۆ هەر بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگ وپڕ بایەخ وەمەیدانداری بینیوە لە بردنە پێشەوەی بزوتنەوە كۆمەڵایەتی‌یە جۆراو جۆرەكاندا. لە كوردستاندا زۆر كات كێشەو و ململانێ‌ی ڕەوت و بزوتنەوە دژ بە یەكەكان لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بڵاوكراوەكان و نوسراوەكانەوە سەریان هەڵداوە. لەباری ڕۆشنكردنەوەی كۆمەڵگاو بردنە سەری ئاستی هۆشیاری كۆمەڵگەو، ڕۆشنبیری گشتی كۆمەڵگا ڕاگەیاندنەكان ڕۆڵی كاریگەری خۆیان هەیە. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوویی خەباتی حەق خوازانەی خەڵك ڕۆژنامە و گۆڤارەكان ئامرازێكی بردنە پێشی خەباتیان بووە.

بزوتنەوەی ژنان لە كوردستاندا بەپێ‌ی ئاڵ و گۆڕو جوونە پێشی بوەتەخاوەنی چەندین جۆر بڵاوكراوەو گۆڤارو ئامیلكە وكتێب.. هتد. هەرچەندە لە ئارادا بوونی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەپێشرەوی بزوتنەوەی ژنانەو مایەی بەرەو پێش چوونی خودی بزوتنەوەكەیە. بەڵام جێگای باسە هێشتا بۆشایی‌یەكی گەورە هەیە لەم بوارەدا، بڵاوكراوەكانی ئێستای ژنان هێشتا بە پێ‌ی پێویست ئەو كەلێنانەی پڕ نەكردووەتەوە، هێشتا مەیدان ئاوەڵایە تاكو كێشەو گرفتەكانی ژنان لە ئاستێكی فراوانتردا خۆیان بخەنە ڕوو. مەسەلەی ژن وباس كردن لێ‌ی باسێكی كۆمەڵایەتی وقوڵ و هەمە لایەنەو فراوانە. بۆیە پێویستی بە دەیان وسەدان ئۆرگان وكتێب وگۆڤار وڕۆژنامە دەبێت.

(ڕەها) هەر بە پێ‌ی ئەم پێویستی‌یەو بۆ پڕ كردنەوەی كەلێنێكی تری ئەم بۆشایی‌یە گەورەیە هاتە ئاراوە. وە هیوا خوازی ئەوە دەبێت كە بتوانێ زۆرترین بەشی ئەم كەلێنە پڕكاتەوەو لەبەرەو پێش بردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ژناندا ڕۆڵی كاریگەر بگێڕێ.

زۆرێك لە بڵاوكراوەكانی ئێستای كوردستان چوار چێوەیەكی سنورداری لە خۆگرتووە لە چوار چێوەیەكی سنورداردادەتوانێ باسەكانی بخاتە ڕوو وە دەتوانێ هاوكاری بكرێ، كە لەچوار چێوەی سیاسەتی ڕێكخراوێك یان حیزبێكی دیاری كراوە، (ڕەها) دەیەوێت ئەم چوار چێوە سنوردارە تێك بشكێنێ لە ئاستێكی فراواندا باسەكانی ژنان بخاتەڕوو. ڕەنگە خەتی ئەصلی (ڕەها) وسەر نوسەرەكەی و بەڕێوبەرانی خەتێكی فكری سیاسی دیاری كراو بێت. بەڵام (ڕەها) دەیەوێت مەیدان ئاوەڵا كات كە بەشی زۆری ،ڕۆشنفكران ولاوان و ژنان و ئازادیخوازان ونوسەرانی ڕادیكاڵ و علمانی سەر بە هەرڕەوت و مەكتەبێكی فكری بن وە ئەندامی هەر ڕێكخراوێك یان حیزبێكی سیاسی بن، باسەكانی خۆیان لە پەیوەند بە ڕزگاری و مافەكانی ژنانەوە بخەنە ڕوو، وە دەست ئاوەڵا بن لە سوود وەرگرتن لەم گۆڤارە بۆ باس كردنی هەمە لایەنە لەسەر مەسەلەی ڕزگاری ژنان. تەنانەت لێرەداو لەم كەناڵەوە بیرورا جیاوازەكان لەسەر مەسەلەی ڕزگاری ژنان خۆیان دەرخەن بە مەرجێك كۆمەك بە بردنە پێشی خودی كێشەكانی ژنان و بزوتنەوەكەی بكات.

(ڕەها) لە داهاتوودا لە هەوڵی‌ناساندنی بزوتنەوە جۆراو جۆرەكانی ژنان دا دەبێت، هەر لە دیموكرات خوازو ڕادیكاڵ و فیمیست و لیبراڵ و.... هتد . وە لە هەوڵی ناساندنی ڕابەرانی و كەسایەتی‌یە جۆراو جۆرەكانی دیفاع لە ژنان دەبێت.

لێرەدا پێم خۆشە ئەوە ڕوون كەمەوە كە قسەكە ئەوەنی‌یە ئەم گۆڤارە سەر بە هیچ لێكدانەوەو مەكتەبێكی فكری نی‌یە. وەكو پێشتر باس كرا خەتی سەرەكی بەڕێوبەرانی ئەم گۆڤارە خەتێكی فكری و سیاسی ڕۆشن و دیاری كراو دەبێت كە بەدیاری كراویش خەتێكی سۆسیالیستی‌یەو لە بابەت و باسەكان دارەنگ دەداتەوە وخۆی دەخاتە ڕوو. بەڵام باسەكە ئەوەیە كە ئەم خەتە فكری‌یە ڕێگرنابێت لە بەردەم بیرورا جیاوازەكان داو لە بەردەم ئەدیبانونوسەران دا كەلە ڕێگای خۆیانەوە باسەكانیان بخەنە ڕوو.دیسانیش ئەوە ئاكاتە ئەوەی كەئەم گۆڤارە باس وەمسائلی‌دژی ژن تەحەمول بكات. بەڵكو دەبێ باسەكان هەوڵ بدەن كۆمەك بە پەرەدان بە گەشەی بزوتنەوەی ژنان بكات. وەك بزوتنەوەیەكی‌كۆمەڵایەتی و لە ئاستێكی جەماوەری فراواندا هێزی ئاڕازی ژنان ڕێك بخات بە شوێن داواكاریەكان و بەدیهێنانی مافەكانی ژنان دا.

سەرنووسەر

هاتە ئاراوە. قۆناغێك بوو كە بزوتنەوەی ژنان تیایداگەشەی كرد‌و چووە ئاستێكی بالاترە وە لە خەباتی‌دا. بە حوكمی ئەم گەشەیەی بزوتنەوەی ژنان لە شوراكانی ئازاری ٩١ دا ژنانێكی لە مەیداندا راوەستاو وخەباتكار بوونە خاوەنی مەسەلە شۆڕشگێرانەكەی خۆیان. بۆ بردنە پێشەوەی ئەم كارەیان لە هەوڵی خۆڕێكخستن وپێكهێنانی كۆمیتەو ڕێكخراوەی تایبەت بەم مەسەلەیە بوون.

هەڵبەت ئەوە ڕۆشنە كە راگەیاندن وبلاوكراوەكان بۆئەم بزوتنەوەیەو هەر بزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتی تر هەمیشە دەورو نەخشی خۆی هەبووەو ڕۆژنامەو گۆڤارەكان یەكێك بوون لەو وەسیلە زۆر گرنگ وحەساسانەی كە بزوتنەوەی ژنان و ڕێكخراوەكانی دەستیان بۆ بردووە بە تایبەتی بۆ بزوتنەوەیەكی رادیكال وەمەدەنی‌ویەكسانی‌خوازانی بەرچاوی بینیوە كاتێك بە ئاسۆیەكی ڕۆشنی سیاسی و كۆمەلایەتی‌یەوە،كاری كردبێ، لەم هەل و مەرجەدا چەند بلاوكراوە هاتنە ئاراوە.

بلاوكراوەكانی ژنان لە كوردستان لە دوای سالی ١٩٩١ ەوە:

## *ژنی ئەمرۆ

• ژنانی شۆڕشگێرو رادیكالی نێو بزوتنەوەی كۆمۆنیستی وكرێكاری بزوتنەوەی شوراكانی٩١ بە دوای ئەوەدا كە كۆمیتە یەكیان پێكهێنا بە نێوی ( كۆمیتەی ژنانی شۆڕشگێر) ئەم كۆمیتەیە بۆ بردنە پێشەوەی تبلیغات وباس وسیاسەتەكانی و ناساندنی خۆی و كۆمەلایەتی بونەوەی بلاوكراوەیەكی دەركرد بەناوی ( ژنی‌ئەمرۆ) ئەم بلاوكراوەیە ٣ ژمارەی لێ‌دەرچوو. ئەم بلاوكراوەیە سەرباری هەواڵ و باسەكانی بزووتنەوەی ژنان و باسكردن لە كێشە و گرفتەكانی ژنان و چاوپێكەوتنی لەگەڵ ژنانی كرێكار و زەحمەتكێش و ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەكان دا سازەداو لەسەر كێشەكانیان گفتوگۆی بەڕێ‌دەخست. لەبەر ئەوەی ماوەی بەردەوامی ئەم بزوتنەوەیەواتە بزوتنەوەی شورایی‌و كاری ژنانی شۆڕشگێر لەنێو ئەو بزوتنەوەیەداكورت بوو بەرێوە چوونی ئەم بلاوكراوەیەش سەرباری بە (تیراژێكی) كەم دەرچوو ماوەكەی كورت بوو،هەربۆیە ئەبووە بلندگۆ وبلاكراوەیەكی‌كۆمەلایەتی‌نێوژن ان

## *یەكسانی

لەدوای بزوتنەوەی شورایی ٩١وە بزوتنەوەی ژنان و باس لەمەسەلەی ژنان بەردەوامی خۆی وەرگرت ژنانی كۆمۆنیست وژنانی هەڵسوراوی بزوتنەوەی كرێكاری بەردەوام بوون لە چالاكی وهەڵسوران لەپێناو ڕێكخستنی ژناندا پاش ئەوەی ڕێكخراوی سەربەخۆی‌ئافرەتان دامەزرا لەلایەن هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەكسانی‌خوازی ژنانەوە، ئەویش بۆبردنە سەری خەبات وچالاكی‌یەكانی بلاوكراوەیەكی تایبەتی دەركرد بەناوی (یەكسانی)یەوە. یەكسانی لە سالی ٩٤وەدەردەچێت وتا ئێستا ٢٣ ژمارەی لێ دەرچووە وە بەردەوامە لە دەرچوون. ئەم بلاوكراوەیە بەشێوەیەكی گشتی لەڕوانگەیەكی یەكسانی خوازانەوە لەسەر كێشەكانی ژنان و ئاسۆی بزوتنەوەی ژنان ترویجی باس و سیاسەتەكانی (ڕ، س، ئا)دەكات. وە بەشێوەیەكی سەرەكی لەبەرامبەر كۆنەپەرستی وسونەتی پیاو سالاری و مذهب دا تبلیغی كردوە هەربۆیە چەند جارێك لەلایەن ڕەوت و بزوتنەوە ئیسلامی‌یەكانەوە كێشەی بۆدروست بوەو بە توندی قسەی لەسەر كراوە. لە سالی(١٩٩٥) دا ڕێگری لە بەردەم دەرچوونی دا پێش هات لەلایەن دەسەلاتدارانەوە. لە مانگی ڕەمەزانی سالی ١٩٩٨ دا لەلایەن مەلای مزگەوتەكانی شاری سلێمانی‌یەوە بانگەواز كرا بۆداخستنی ئەم

# چاوگێڕانێك بە سەر بڵاوكراوەكانی ژنان دا

(كەژاڵ حمە رشید)

بزوتنەوەی ژنان لە كوردستاندا لە دوای ڕووداوەكانی ئازاری (٩١)ەوە گوڕو تینو تەكانێكی بە خۆی دا و چووە قۆناغێكی باڵاترو گەشەدارترەوە. ئەم دەورەیە قۆناغی هەشتاكانی تێپەڕاند كە قۆناغێك بوو بزوتنەوەی ژنان ودەنگی ناپەزایەتی ژنان لە بەرامبەر ئەوپەڕی پێشێلكاری مافەكانیان دا لەئاستێكی زۆر نزم دابوو. لەم دەورانەدا واتە دەیەی هەشتاكان كە ڕژێمی كۆنە پەرستی بەعس و دەسەڵاتی ئەو باڵی كێشا بوو بەسەر كۆمەڵگادا، لەم هەلو مەرجە پڕسەركوت و ئەشكەنجەیەدا ژنان لە هەر توێژێكی تری كۆمەڵگا بێ بەشتر بوون لە خواست و مافە ئینسانی یەكانیان. لەم كاتەدا ژنان محروم كرا بوون لە هەر جۆرە ڕێكخراوەیەك، كە باس ومەسەلەكانی تایبەت بە ژنانی تیا ئاراستە بكرایە. بۆیە باسكردن لە مەسەلەكانی ژنان بە هەر شێوەیەك و لەهەر ڕوانگەیەكەوە تەنانەت بۆ جارێكیش نایەتە یادی كەسێك كە چاوێكی گێڕابێت بۆ ئەو باسانە. (اتحاد العام لنساء العراق) واتە (یەكێتی گشتی ژنانی عێراق) كە لە ڕواڵەتدا وەك ڕێكخراوێكی دیفاع لە مافەكانی ژنان پێناسە دەكرا. بێجگە لە ناوێك و نمایشێكی ڕیاكارانە لە ژێر ئەم ناوەدا شتێكی تر نەبوو ئەم بەناو یەكێتی یەی ژنان یەك ئۆرگانی ئەمنی بوو لە پێناو پارێزگاری كردن لە مانەوەی ڕژێمی بەعس، وەك ووتمان هیچ ڕێكخراوێك و باسێك لە پەیوەند بە ژنانەوە لە ئارادانەبوو، لە دەسەڵاتی ئەم ڕژێمەدا بوونی ئەم ناوو شكلە فۆرماڵی یەش، ئەویش لە ژێر كاریگەری بزوتنەوەی ژناندا بوو لە جیهاندا كە هێشتنەوەی ئەویش بۆ ڕاگرتنی سمعەی حكومەت ودەسەڵاتەكەی لە ئاستی نێو دەوڵەتی دا، ئەگینا بۆ ڕژێمێكی كۆنەپەرستی و قازانج پەرستی وەك ڕژێمی بەعس چ مەسەلەیەكە گەر ئەم باسە واتە باسی ژنان وتەنانەت ناوی ڕێكخراوەكەی لە ڕەگ و ڕیشەوە لە بەین بەرێت. لەم نێوە بێجگە لەوەی كە مەسەلەی ژنان و بزوتنەوەی ژنان بەم شێوەیە سەركوت كراوەو پاشەكشەی پێكراوە. لەلایەكی تریش ڕژێمی بەعس بەهێشتنەوەی ئەم شێوە كارتۆنی یە لە ڕێكخراو باسكردن لەمەسەلەی ژن، سودی لەهێزو توانایی ژنان وەرگرتووە لەژێر ناوی (ماجدات وطليعات ومنتجات و .... )شتی لەم بابەتە. بەم شێوەیە ژنان لەم ڕژێمەدا بەبەردەوامی وەك هێزێكی ئامادە باش لەپشت جەبهەكانەوە ڕاگیرا بوون و. لە مەیدانی كاریش دا وەك لەشكرێكی ئامادە بە كاری هەرزان فرۆشی كار، ئامادە كراون.

بەم پێیە كە بزوتنەوەی ژنان لەم قۆناغەداو لەم دەورانەدا لەم پاشەكشەیەدا بوەو لەم ئاستە نزمەدا بوو. هەربەو پێیەش ژنان لە عێراق وكوردستاندا بێ بەش بوون لە بڵاوكراوەوڕۆژنامەو هەر چەشنە پێداویستی یەك بۆ بردنە پێشەوەی ناڕەزایەتی وخەباتیان. بە درێژایی تەمەنی ڕژێمی بەعس هیچ جۆرە ڕۆژنامە وبڵاكراوەیەك نەبووە تایبەت بە مەسائلی ژنان وبزوتنەوەی ژنان. كە جێگای ئەوە بێت باسكرێت ووەك یەكێك لە گۆڤارو ڕۆژنامەكانی ژنان ناوی ببرێت.

بەڵام قۆناغی نوێی بزوتنەوەی ژنان لە دوای ئازاری ٩١ وە كە لەگەڵ بزوتنەوەی شورایی ئازاردا

بڵاوکراوەیەو لەحاڵی حازردا لە شاری هەولێر لەلایەن دەسەلات دارانەوە ڕێگری لە بەردەم بڵاوبوونەوەی داهەیە ودانراوە.

## *ژیانەوە

هەر بە پێی گەشەی بزوتنەوەی ژنان گۆڤارو نامیلکە و کتێب وڕۆژنامە و بڵاوکراوەی جۆراو جۆر دەرکەوتن کە تێڕوانین وبیرو بۆچون و لێکدانەوەی جیاوازی نێو بزوتنەوەی ژنانیشی خستە ڕوو. بەم پێیەش ئەم بڵاکراوانە مەرج نی یە بەقاو دەق ئاسۆیی ڕوشنی نێو بزوتنەوەی ژنانی عکس کردبێتەوەو رابەرایەتی کردبێ. بەلام بە گشتی لایەنگرانی ژنان ومافەکانی ژنانن بەشێك لەئەندامان وهەڵسوڕاوانی ( یەکێتی ژنانی کوردستان) بۆزیاتر پەرەدان بەخەباتی خۆیان سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنانیان پێکهێناو بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد بە ناوی ( ژیانەرە)وە کە نزیك بە ماوەی ٢ساڵ دەبێت دەردەچێت و یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی کە زۆر ڕێك و پێکی وبەبەردەوامی لەکاتی خۆیدا هەرمانگی دووجار دەردەچێت تائێستا(٤٤) ژمارەی ساڵی سێهەمی لێ دەرچووە. یەکێکە لەوبڵاوکراوانە بەحوکمی بەردەوامی یەکەی وفراوانی تیراژەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی شعبییەتی پەیدا کردووە لەنێو بڵاوکراوەکانی ئێستای کوردستاندا. لەم بڵاوکراوەیەدا بەشێکی زۆر لە ڕۆشنفکران ونەدیبان دەتوانن بنوسن.

## *دەنگی ژنان

بڵاوکراوەیەکی تری (یەکێتی ژنانی کوردستانە) کە زمانحاڵی یەکێتییەکەیەو سیاسەت وچالاکی بۆچوونەکانی ئەو یەکێتییە لە سەر مەسەلەکانی ژنان دەخاتە ڕوو. ماوەی (٤ ) ساڵە بەردەوامە و ئێستا (٣٩ ژمارەی)ی ساڵی سێیەمی لێ دەرچووە.

## *دەنگێ

دەنگێ گۆڤارێکی وەرزی بوو کە ژمارەیەك لە کەسایەتی سیاسی سەربەخۆ و نێواحزابەکان و نێو ڕێکخراوەکانی ژنان وبزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوە، جۆراو جۆرەکان دەریان دەکرد. ئەم گۆڤارە زیاتر (٢٠٠) لاپەرەی لە خۆ گرتووە و بحث ولێکۆلینەوەی جۆراو جۆری لەسەر کێشەکانی ژنان و مەسەلەکانی ژنان تێدا بوو(٢) ژمارەی لێدەرچووەو لە حاڵی حازردا ڕاوەستاوە لە دەرچوون.

## *مافی ئافرەت

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی ئافرەتانەو مانگانە دەردەچێت.ئەم گۆڤارە زمان حاڵی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان )لەشاری هەولێر تا ئێستا نزیکەی ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە. بەشکل وشێوازی جۆراو جۆر وە لەڕوانگەی سیاسەت و بۆچوونی گشتی یەکێتی یەکەوە تعبیر لە مەسەلەکانی ژنان دەکات.

*بەشێکی تر لە ڕێکخراوەی ژنان لە ئێستای کوردستان دا بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان راتە ڕێکخراوەکانی خۆیان هەیەو بە هەمان شێوە لە ڕوانگەی ڕێکخراوەکانیانەوە تعبیر لە مەسەلەکانی ژنان دەکەن وقسەی لەسەر دەکەن لە چەشنی(دەنگی ئافرەتان) کە زمان حاڵی کۆمەڵەی ئافرەتانە و( پەیامی خانمان) زمانحاڵی ڕێکخراوی(خانمانی سەربەخۆیە) و...... هتد.

لەم نێوەدا کە تەواوی ئەم بڵاوکراوانەو ڕێکخراوەکانیان کە سایەتی یەکانیان بە هەر کەم وکوری یەکیانەوە بەخۆیان لەبەرەی مۆدێرنیزم ودیفاعلە مافەکانی ژنان دەبینن تەنها بڵاوکراوەیەك هەیەبەناوی (پەیامی خوشکان)کە خوشکانی یەکگرتووی ئیسلامی بەری دەکەن کە ئەویش لەڕوانگەی شریعەت و دینی اسلامەوە راستەوخۆ لەبەرامبەر و دژ بە بەمافەکانی ژنان و بزوتنەوەی ژنان ڕاوەستاوە.

# بەردە بارانی کام سەدە؟

چیمەن علی



لە کوردستانی عێراق زۆرمان بیست لەاهانە و سوکایەتی کردن بە ژنان ، تەنانەت چەندین جۆری ئەشکەنجەو لێدان و سوکایەتی پێ کردن وچەوسانەوە شارەزا بووین، ئەو لێدانانەمان بیست کە ژنان ڕەوانەی نەخۆشخانەکان دەکات، گرتنی بەردانمان بیست کە گیانی ئینسانێك دەکات بە خەڵوز و دواهەناسە و هاواری ئینسانێك لە نێو ئاگرەوە دەگەیەنێتە ئاسمان، زیندانی جەماعی نێو چوار دیورای ماڵەکان ولەمەش دژی ئینسانی تر زیندانی فردی ژنانمان بیست هەر لە نێو خودی ئەو زیندانە گەورەیەدا کە ماڵە. سەرتاشین وئەتك کردنمان بیست لە بەرامبەر پیادە کردنی سادەترین مافی دا هەر جل و بەرگ پۆشین و خۆرازاندنەوەو ...هتد. لووت برین وئەشکەنجە دان و برینی وئەم بەشانەی لەشی ژنان ئینسانی خاوەن ویژدانی جوڵاند.

تیرۆری هەمە ڕۆژە هەراسان کردین ، ئەمانەو .........

لێگەڕێن لەمانە کە بوونەتە پیشەی ڕۆژانە وهەمیشەیی ئەم کۆمەڵگایە سەیر کەن لەم ئاخری سەدەی بیستەمدا (١٩٩٩) چ جۆرە سوکایەتییەکی تر بە ژنان زیندوو بوەوەو هاتە پێش.

ڕۆژی ( ٥/٢٩) لە نێو جەرگەی شاری هەولێر لە ساحەی ریمان ژنێك کە جلو بەرگی مۆدێرنی لە بەردا بووە جا هەر چەندێك کورت بوە یان تەنك بوە یان بە دڵی کۆنەپەرستان نەبووە، تەنها لەبەر ئەم مافە زۆر سادەیە کە مافی هەر ئینسانێکەو حەقی هیچ کەس نییە تداخلی تێدا بکات، لە شێوەی (سەنگەسار) واتە بەردە بارانەکانی چەندین هەزار ساڵ لەمەو بەر کە هەر لەم کوردستاندا بەڕێوە چووەو هەر ئێستاش لە نێو زەلکاوی دەسەلاتی ڕەشی جمهوری اسلامی ایران بەڕێوە دەچێت دەدرێتە بەر نوزکڵە شوتی وتەماتەی ڕزیوی نێو بازاڕ... ئێستا بپرسن ئەمەی رووی داوە لە شاری هەولێر (( بەردەبارانی کام سەدەیەیە ؟ )) دەرهەق بە ژنان دەکرێ چی تر ژنان چۆن دەتوانن داهێنەر بن؟، چۆن دەتوانن خاوەنی اعتمادو ئیرادەو توانایی بن؟ لە کاتێکدا دا هەرچی شخصیەت وکەرامەتی ئینسانییانە بەم شێوەیە لە ژێر پێ دەنرێت و ئیدارە وتوانایییەکانیان ووردوو خاش دەکرێن وشخصیەتیان دەشکێنرێت؟ چۆن کۆمەلگا دەتوانێ سود لە توانایی وهەڵسورانی ئەوان وەرگرێ لەکاتێك دا لە بەردەم ئەم هەموو سوکایەتی وپێشێلکارییەی مافەکانیان دا راگیراون و ژیان وگوزەران و هەڵسورانیان بەم شێوەیە تەنگە بەرکراوەتەوە؟ ئەمە عەقڵەو کاری کردەوەی کێیە کە ئەم هەموو سوکایەتییە بە بەشێکی فراوانی کۆمەڵگا دەکات؟

ئێستا جێگای پرسیارە بۆچی دوای ئەم هەموو دەستکەوتە زانستییانەی کە لە سەر دەستی بەشەریەت دا هاتووەتە ئاراوە، ئەم هەل ومەرجە درێژەی هەیە؟ لە دوای خەباتێکی درێژخایەنی ژنانی شۆڕشگێر ویەکسانی خواز ئەم هەل ومەرجە بەرەو ئاڵ وگۆڕێکی جدی نەرۆیشتوە . لە ڕاستیدا وەزعیەتێك کە لە کوردستان دا کە بۆ بزوتنەوەی دینی وکۆنەپەرستەکان ڕەخساوە سەردەربهێنن وتحریکی کۆمەڵگا بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەمجۆرە لە چالاکی ولە لایەکیتریش ئاتامادەیی ژنان و لە مەیدان دا نەبوونی ژنان وپیاوانی یەکسانی خواز لە ئاستێکی فراوان ومطلوب دا، ڕێگەی بە سەرهەڵدانی ئەم کردەوە دژی ئینسانی وناشارستانییانە داوە. هەر بۆیە وەڵام دانەوەش بەم هەل و مەرجە هەر ئەو ڕاوەستاوی و هاتنە مەیدانەی ئێمەی دەوێت کە بتوانێ پاشەکشە بە کۆنەپەرستی بکا

# بۆچی خۆسوتاندن ؟



نسرین عبدالله

خۆسوتاندن ترسناك ترین دیاردەیە كە لەم ١٠ ساڵەی دوایدا بە زۆری تەشەنەی كردووە و وەك ڕێگە چارەیەكی سلبی یان وەك كاردانەوەی ئازارو ئەشكەنجەیەكی نەفسی و ڕۆحی دوور درێژ و ئاكامی ئەوپەڕی بێ ئومێدی دەستی بۆ دەبرێت.

ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٢٣ زارا سعید كاتێ هاوسەركەی بەناوی (هیدایـەت حمید) دوە دوای ئـەوەی سوكایەتی زۆری پێ دەكات و شقارتە ئەداتە دەستی بۆ ئەوەی خۆی بسوتێنێ، ئاگر لە خۆی بەرئەدات.

(شیرین عزیز) كە تەمەنی ١٢ ساڵانەو قوتابی پۆلی یەكی ناوەندی‌یە لە ناو رەفتاری پیاو سالارانە وسوكایەتی زۆری براكەی ، ئاگر بەرئەداتە جەستەی خۆی.

لەمانگی ٥ دا كچێكی تەمەن١٢ ساڵان بەناوی (ژیان) لە كارێزە ووشك لە سلێمانی، خۆی ئەسوتێنێت.

هەر لەوكاتەدا خەریكی ڕێك خستنی ئەم ڕوداوانە بووم هەواڵم بیست كە ژنێك لە شارۆچكەی كەلار خۆی سوتاندووە و گەیاندوویانەتە نەخۆشخانەی سلێمانی، لەبەر ئەوەی هاوسەرەكەی ژنی بەسەر هێناوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین، بۆچی ژنان خۆیان ئەسوتێنن؟

ئەگەر سەیری وەزعی نالەباری ژنان بكەین، ژنانێك كە هەر ڕۆژ دەبێتەوە خەریكی كاری نێو ماڵ ومناڵ بەخێو كردن و چێشت لێنان و خزمەت كردنی پیاوان، بە واتایەكی تر ژنانێك كە لە ماڵەوە زیندانی كراون و سەرباری ئەمانەش پیاو سالاری و دەمارگیری ئەخلاقی وەك درندەیەك كەڵبەی لە گیانی ژنان گیر كردووە و هەمیشە چەقۆ و هەڕەشەی كوشتنی و مۆتەكەیەك لە بەردەمیان دا ڕاگرتووە.

ژنانێك كە هیچ یاسایەك نییە دیفاعیان لێ بكات و بگرە لە لایەن خودی یاساكانی احوال شخصی عراقی‌یەوە و لەژێر ناوی (ژنی) و چی و چی‌دا مەرگ دەكرێتە دیاری بۆیان و بە تاوانبار دادەنرێن.

لە ناوەها جەهەنەمێك دا كە ژنان. هەموو ئاوات و ئارەزووەكانیان زیندە بە چاڵ دەكرێت وكاتێ هەموو دەروازەكانیشیان لێ گیرابێ. ژن وەك هەر ئینسانێك كە پێی قبوڵ نەكرێ حورمەت و كەرامەتی لە ژێر سوكایەتی‌دا بەردەوام بشكێنرێ و وەك ئینسانی پلە دوو ناقص العقل چاوی لێ بكرێ، ناچار دەست بۆ خۆسوتاندن دەبات وحوكمی مەرگ بەسەر خۆیدا دەدات بۆ ڕزگار بوون لەم ژیانە.

بەڵام ( خۆسوتاندن) ئەم ڕێگاچارە فەردی و زیانبارە، هەرگیز ڕێگا چارەی گونجاو نییە بۆ وەزعیەتێك هەتا سەر ئێسقان بە ناخی ژناندا ڕیشەی داكوتاوە، بەڵكو هێندەی تر پیاو سالاری و كۆنەپەرستی سود لەم پەرتەوازەیی‌یەی ژنان وەردەگرن و سەرەنجامیش درێژبونەوەی ژیانی جەهەنەمی ژنانە.

ڕێگا چارەی ئەم مەسەلەیە و نەمانی هۆكارەكانی ئەم دیاردەیە دەبێت لە ڕیشەوە بێت و دەستی بۆ ببرێت. ژنانی ناڕازی و خوازیار بە ژیانێكی شایستەی ئینسان دەبێت ریزی ناڕەزایەتی خۆیان یەكخەن و پەیوەست بن بە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ژنان و ڕێكخراوەكانی ژنانەوە كە بۆ لە گۆڕانی بیروباوەڕی پیاو سالاری و هێنانەدی یەكسانی نێوان ژن وپیاو تێ‌دەكۆشن و یەكەم هەنگاویان بۆ نەهێشتنی یاساكانی احوال شخصی عراقی‌یە كە سەرچاوەی مانەوەی كۆنەپەرستی و ستەمكێشی ژنانە، ودانانی یاسایەك لە جێی دا كە هیچ جیاوازی‌یەك لە نێوان ژن وپیاودا نەهێڵێ و هەر سوكایەتی كردن یان هەر تاوانێك كە دەرهەق بە ژن بكرێت، لێپرسینەوەی لەسەر بێ ودادگایی بكرێ وتاوانباری ئەو كارە، سزای عادلانەی خۆی وەرگرێ. چونكە خودی خۆسوتاندنی ژنان هەرچەندە لە لایەن خۆشیانەوە بێت، جۆرێكە لە تیرۆر وە تاوانباری پشت ئەم كارە ئەبێت سزا بدرێت.

هاوكات ئەركی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ژنانە كە بەردەوام لە هەوڵی ووشیار كردنەوەی ژنان و ناساندنیان بە مافەكانیان و كردنیان لە ژنانێكی بێ‌دەسەلات و بێ ئیرادەوە بە ژنانێكی شۆڕشگێڕ و ناڕازی بە ژیانی كۆیلەیەتی وستەم و چەوسانەوە و بزانن كە خۆسوتاندن ڕێگە چارە نییە بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانیان بەڵكو خەبات بۆ گۆڕینی ئەم هەل ومەرجە تەنها ڕێگەیە بۆ ڕزگارییان.

# گفتوگۆیەک لەگەڵ "نازەنین"

## سەبارەت بە جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی

ئا : سارا

### پێشەکییەک بۆ گفتوگۆکەی (نازەنین)

نازەنین یەکێکە لەو ژنانەی ئەم کۆمەڵگایە کە بە نیازی دامەزراندنی ژیانێکی هاوسەری و خۆش گوزەران و ئارام کە تیایدا عطف وسۆزو میهرەبانی رێزو خۆشەویستی بگۆڕنەوە لەگەڵ کەسێک دا بڕیاری زەواج دەدات، پاش ئەوەی روخساری پڕ فرۆفێڵە و ڕیا کاری خۆی بۆ نازەنین دەخاتە ڕوو.

بەڵام وەختێک نازنین لە جیاتی ئەم ژیانەی کە خۆی نەخشەی بۆ کێشا بوو، ژیانێکی پڕ ئازارو ئەشکە نجەو بێ احترامی دەبینێتەوەو تحمولی ناکات ودەکەوێتە نارەزایەتی دەربڕین بە شکل وشێوازی جۆراو جۆر تا دوا جار لە یاسادا ئەم زەواجەی کە قبولی کردبوو هەڵیدەوەشێنێتەوە.

نازەنین ژنێکی وریا دەبێت و هەست بەو نایەکسانی‌یە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌و یاسایی‌یانە دەکات کە لە کۆمەڵگادا بەڕێوە دەچێت و تاکەکانی کۆمەڵیش دەقیان پێوە گرتووە . لە ماوەی چەند ساڵی زەواجیدا ئەم نایەکسانەیەی نێوان ئینسانەکان رۆژ لە دوای رۆژ ژیانی ئەم و چەند هاوژنی وەک ئەوی کردوەتە دۆزەخ زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە لای . بۆیە لە ژێر ئەو هەموو یاساو رێسا کۆمەڵایەتی‌یە گۆنانەداو لە ژێر ئەو توندو تیژی‌یەدا کە ڕوویەڕووی بۆتەوە و رادەوەستێت ورەخنەی توند لەم هەڵ و مەرجە دەگرێت و ئەفرەت لەو ژیانە دەکات........( ڕەها )

(ڕەهـــا) / نازەنین تۆ جیا بویتەوە لە هاوسەرەکەت، هەڵبەت هۆکارێکی هەبون کە وای لێکردویت تا بڕیار بدەیت جیابیتەوە وە لەمحکەمە دەعوا قەید کەیت تا بەڕەسمی لە یاسادا جیاببینەوە، ئەو هۆکارانە چی‌بوون کە پاڵی پێوە نایت بۆ ئەم کارە؟

ئەو خۆشی وناخۆشی‌یانەی کە لە ژیانی هاوسەری دا بۆت پێش هاتووە چی‌بوون حەز دەکەم تفصیلاتێک لەسەر ئەوە باس کەیت؟ پرسیارەکەم ئەوەیە مشکلەتان چی‌بوو، چی لە بەینتاندا رووی دا تا ئاخر جار هاتیتە سەرئەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدەیت؟

ئەو ئینسانێکی ئەوەندە خراپ بوو تەنانەت ئەوەندە کردەوەکانی بەرامبەرم خراپبووەکو ئەخۆشی ئەفسی هەبێت وابوو، بە هـەموو شتێکی من نارەحـەت بوو، تداخلی هەموو شتێکی دەکردم تەنانەت جل لەبەر کردن نوعیەتی جل لەبەر کردن، هەر چیم لەبەر کردایە دەبوایە بەدڵی ئەو بوایە، یان میوانمان بهاتایەئەبوایە قسەم بکردایە یەعنی هەموو شتێکی من بە دەست ئەو بوو، دەبوایە بە عقڵی ئەو هەستامایەو دانیشتمایە هیچ عقڵی خۆم بەکارنەهێنایە. ئینجا خۆی وا پیشان دەداو وە دوو شخصیەتیشی هـەبوو لـە بـەردەم خـەڵك دا. خۆی دەچوە کۆبونەوەو کۆبونەوەی بە ژنانی یەکێك لەوحزبانە کەخۆی بەمارکس دەزانێت دەکرد لەماڵیشەوە کە ئەو کاتەی ئەو ئەڕۆیشت دەرگای لە من کلیل دەدا. وەکو وتم دوو شـخصیەتیهەبوو، ئـەهاتن بـە شـوێنیدا دەیانووت ئەم ئێوارەیە کۆبونەوەی ژنانمان هەیە، دوای ئەوەش کە دەڕۆیشت دەرگای لە من کلیل ئەدا. پـێی ناخۆش بوو لـە حەوشـە دانیشـتمایە، دەیـوت بـۆ لـە حەوشە دانیشتووی...

( * هەتا ئەو دەڕۆیشت و دەهاتـەوە تۆدەرگـاو لەسەر داخرا بووی؟..)

بەڵێ لە حەوشە بوومایە دەیوت بۆ لە حەوشەی هەتا لە ژووردوە بومایە دەیـووت بـۆ لـە ژوورەوەی ئـەمرۆ نوستوی دووێنێ بۆنەنوستیوی؟ ئیتر هـەموو شتێکی محاسبەیە بوو، هـەتا لەئیشی ڕۆژانەی ماڵدا ئەئەبوایە تەقـەی کـەوچکێك قـاپێك بهاتایە ئـەو لـە مـاڵ بوایـە، جنێوی دەداقسەی دەکرد بە هـەموو شتێك ئیزعاجی کرد بووم، لـە لایـەکی تریش نـەیدەزانی منالی نابێت، نەیدەزانی هۆکەی منم یان ئەوە.

( * لەوماوەیەی زەواجتان دا منالتان نەبوو؟...)

نەخێر، ئەودەیوت منالنەبوون سببی اصلیەکەی تەنها ژنە مێشکی وابوو کە ئەم زوعفەهی ژنە، ئینجاش دەیوت ئەگەر هـەتا ساڵێك منالت نـەبووژێنت بەسـەر دەهێنم یان ئەیوت من ژنم بۆچیە ئەگەر منالی نەبێت

ئینجا ساڵێك دوان سیان دوای ئەوە دەرکـەوت کـە ئـەم زوعفەش لە خۆیایەتی

( * ئیستیشارەی طبیبتان کرد، چوونە لای دکتۆر؟..)

بەڵێ لەساڵی ٩٤ دا ئەو بە تەواوی اعترافی بەوە کرد کە سببی رئیسی لەودایە، هەرچەندە من سببیجیا بوونەوەکەم ئەوە نەبوو یەعنیئەگەر منالیشمان بوایە هەروا بوایە من هەرقبوڵم نەدەکرد بەو شێوەیە لەگەڵیدا بژیم ئـەو بەوشێوەیە بیری دەکردەوە مامەڵـەی منـی بکردایە هـەر لەگەڵیدا دانەدەنیشتم. چونکـە سـببی زیاتر ئەوە ئەبووتەنانەت ئەگەر منالی بوایە وکچیش بوایە خراپتر ئەوکاتە هـەر لـەمناڵیوە لەگەڵ ئـەویش وایدەکـرد، دەیـوت کچـەو بـە نـارەزووی خـۆی تصرفیپێوە دەرکردو سەرکوتی دەکرد.

( * وایە هەڵبەت کە ئەو وا سەیری ژنی کردووە چۆن معاملەی تۆیکردووە لەگەڵ ئەویش هەرواى دەکرد.؟..)

ئەو بە منی دەوت تۆ دەدەرەریت، ئەیوت ژن ئەگەر ئـازاد بـوو بەرەڵایـەو ئەگـەر قسـەی لـە قسەیپیاوداکردئەوە بەرەڵایە.ئەو ئەیوت نابێ ژن هیچ قسەیەك لەقسەی پیاودا بکات.(ئەو بـۆ هـەموو ژنێك وابوو) نا، ئەو بۆهەموو ژنێك تەنانەت دایکیشی،دەیوت دایکم ئەگەرچاودێری نەکەم خەڵەت دەکا شتی خراپ دەکات ئەگەر چاوی منی لەسەر نـەبێ ئیتر من لە ٩٤ دا هاتمەسەر ئەوەی کە ئەم کەسە ئەمن ئەتوانم والەو بکەم وازلەم تبیعەتانـەی بـهێنێ نـە ئـەو دەتوانێوانـەبێ، ئینجـا ئینسـانێکی زۆر زۆر دوو شـخصیەت بـوو. ئەگـەر دەقیقەییەکەم بت بینیمایـە دەتـووت زۆر باشـە بەهـەموو شـتێکی تۆهەڵدەسـتاو دادەنیشت کـە چی لـە واقع دا وانە ئەبوو.



**( * لەمعامەلەیەدا دەرکەوتووە؟... )**

بەڵێ بۆیە من لە١٩٩٤ دا و لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ ئەودا ژیاووم کەس وکاری خۆم نەیاندەزانی چۆنە دوو دیوی هەبوو. دەیانووت فەقیرە بێدەنگە چۆن خراپە. دەیانوت ئەو چۆنە تۆش وابە لەگەڵیدا. منیش دەموت ناوانییە خراپەهەتا وورده وورده شخصیەتی دەرکەوت ئیتر لە ٩٤دا کەهەر منالیشمان نەبوو دەرکەوتیش ئەوەو هەرخراپیشە لەگەڵ من چوومەوە ماڵی باوکم، زۆر کەسی کرد بە تکاو رجا تا بگەڕێمەوە بۆلای هەتاوای کرد جارێکی ترمن قەناعەتم پێکرد قەراریەم. بەقسەی خۆی وقسەی خەڵک دەیوت ئەمجارە باش دەبم وڕێگەی ئاگرم وتعینتی دەکەم و خۆم هاتووچۆی هەرشوێنێکەبیکەم دەهێڵی تعین بم وتشجیعم ئەکات و....

**( * پێشتر نەیدەهێشت تعین بیت کار بکەی؟.. )**

نا هێشتا هەرتعین نەببوم.ئیتر ئەوە لە سەرەتایی ٩٤ کە ڕۆشتمەوە دوای ئەوی ماوەی ٢ مانگ لە ماڵی باوکم بووم، ئیتر کە ڕۆیشتمەوەخۆی یەکێک لەموقتەکانی من ئەوە بوو منالی نەدەبوو، خۆی ئاوابوو منالیشی نەدەبوو ئەوە ئیترخارپتر.

**( * یعنی شتێك ئومێدت بەوە هەبود کەئەگەرمنالی بێت رەنگە ئەم معامەلانەش شتێك بگۆڕێت ئەم وەزعییەتەی ئێستا بگۆڕێت بەلام ئەم ئومێدەشت نەماوە و سەبەبیش لەطرف ئەوەوە بووە..... )**

وایە،چونکە ئەدەوامێکم هەبوو ئەکارێکم هەبوو لە شوێنێکیش دوو کەس ئەناسی ئەوانەم حالات و وەزعانە خراپتر دەبێ ، ئەوە بووهۆی ئەم مشکلەیەش هەر بەسەر مندا بڕیبوو،بەلام ئەوە بوو پاش دوومانگ فحصەکانم دۆزیەوە لە ماڵەکەدا و بردم بۆلای دکتۆر ووتی ئەمە دوای (٥) ساڵ عیلاج هێشتا ئەگەر بڵێین منالی ئەبێت یان نابێت.

**( * باشە یانی ئەتیجەی فەحصەکەی شاردبووە لە تۆ.؟.. )**

بەڵێ، لە ٩٦ دا هەمدیسان بە هەمان شێوە کە تعین ببوم خراپتر معاملەی دەکرد. ئەو کە پێشتر هەندێ تبریری دەهێنایەوە و دەیوت هەندێ شتم نەکردووە، بەلام ئەجارە خراپتر ئەوەش کە پێشتر ئەی کردووە ئەمجارە دەیکرد، یەعنی هەرچی لە دەست دەهات دەی کرد، ئەی ووت خۆ تازە خەڵك دەزانێ ئاوام ئەوسا خەڵك ئەی دەزانی ئێستا ئیتر بۆچی بە ئارەزووی خۆم هەرچی هەیە ئەی کەم ئەو سا شتێك کە ئەم کردووە لەبەر ئەوەی خەڵك نەزانێ، یەعنی شتێ شخصیاتی دەرکەوت کە ئەو چۆنە دوو ڕووی هەیە و وانییە کە لە ناو خەڵك دا خۆی نیشان دەدا.

**( * ئیتر هیچ ترس ئەوە نەماوە خەڵك بزانێ تازە زانرا کە ئەو چۆنە.؟.. )**

بەڵی، لە ساڵی ٩٤ و ٩٥ دا بوو زۆر نەخۆش کەوتم، نەخۆی ئەی بردم بۆ لای دکتۆر نەیدەهێشت خۆشم بچم بۆ لای دکتۆر، ئیتر ڕۆژێکیان ووتم مادام تۆ ئیشت هەیە خۆم دەچم بۆ لای دکتۆر ... ئیتر هەر ئەوەندەم ووت کێشای بە شیرەمدا (ئیشارەت بۆ ناوچاوانی) دەیووت چۆن دەڵێی بە تەنیا دەچم، هەڵبەت شتێك هەیە وا دەڵێی بە تەنیا دەچم بۆ لای دکتۆر، سەرەرای ئەوەش ئەی هێشت کەس بزانێ هەتا هەفتەیەك من لە ماڵەوە بووم هەتا ناوچەوانم چاك بوەوە.

کە پێشتر منی لەسەر ئەساسی ئەوە بردەوە لە ماڵی باوکم بەو شەرتەی کە ئیتر چاك دەبێت و لێم نادات و معاملەی خراپم لەگەڵ ناکات، بە شەرتێك لە ٩٤ دا کەمنی بردەوە چوو تعهدێکی دا لە محکەمە، ئینجا منی بردەوە.

**( * تۆ ئەوکاتەش شکاتت کرد لە محکەمە؟.. )**

نە، شکاتم نەکرد، من هەرسوربووم لەسەر ئەوەی لێ جیا ببمەوەئەویش بۆ رازی کردنی من چوو تعهدێکی دا بوو لە محکەمە و هێنای بۆ منیش لەو تعهدەدا ووتوبوتی وا ژنەکەم تۆراوە من وەعدبێ ئیتر خراپ نابم بۆی لێنادەم هەقم نابێ بەسەریەوە، ئەو

تعهدەش تائێستا لە ناو قضیە کەمدایە، ئیتر ئەیووت بۆ بروام پێناکەن ئەوەتا من تعهدم داوە لە محکەمە ئەگەر ئینسانێکی خراپ بم تعهد نادەم؛ ئەگەر لە گۆڕانکاری دا نەبم چۆن دەچم تعهدی وا دەدەم، ئەوە بوو لەسەر ئەو قسەیە قەناعەتی بە خەڵك و کەس وکارم کرد منیش چومەوە، ئیتر ئەرەبوو ئەترسا لەوەی ئەوسا بەم شێوەیەی ئێستا لێی ئەکردووم ئێستا پاش ئەو تعهدەش ناوای کردووە، طبعا دەیزانی کە یەکسەر من لێی جیا دەبمەوە و ئەمە دەبێت بە ئاخر جار طبعا ئەوەش ناخۆشترین شت بوو لای ئەوەوە کە من داوای جیا بوونەوە بکەم . یەعنی پێی عەیب بوو ژن داوای جیابوونەوە بکات، بە لای ئەوەوە ئەبێ هەر پیاو ژن طلاق بدات، بۆیە حەزی ئەکرد نقطە کە لە منەوە بێت ئەو من طلاق بدات نەك من ئەوم ئەوێت و بمەوێ لێی جیا ببمەوە . ئەوە بوو دەیوت وعد بێت بە کەس و کارت ئەڵێی و ئەزانن من وام لێ کردوویت تعینت دەکەم، ئەوە بوو پاش مانگێك هێشتی بچم و بمبات بۆ سلێمانی ووتیشی هەرکەس پرسیاری کرد بڵێ کەروتوم. پاش ئەوەی تعین بوم لە جاران خراپتر بوو ( ٥) دەقیقە زوتر بهاتمایەتەوە بۆ ماڵەوە دەیووت بۆ وا زوو هاتویتەوە درەنگ بهاتمایەتەوە دەیووت بۆ درەنگ هاتوویتەوە. ئەمەت بۆ سور بۆتەوە بۆ ڕەنگت تێك چووە بۆ ... ئیترهەموو شتێکی محاسەبە دەکرد، پێشتریش وابوو بەڵام کەتعین بووم خراپتر بوو، ئەم دەوێرا لەگەڵ موظفە کانی گەڕەکی خۆمان دا بچم بۆ دەوام لەگەڵ خۆی دا دەیبردم، نیو سەعات دەوامی من دوای دەوامی ئەو بوو کەچی ئەبوایە لە دوای ئەو بچومایەتە دەرەوەبەم شێوەیە بەو بەیانی زوە منی ئەبردە دەرەوە، من یەکەم کەس دەبوم لە دائرە، بەڵام کە دەهاتینەوە دەبوایە لە پێش هەموو موظفەکانی تر بڕۆیشتمایەتەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو فریا بکەوم بچمە ناو پاصەکەوە. ئەمە دڵم خۆش بوو تعین بووم، ئەوە بوو (٥، ٦) مانگی نەخایاند دوای تعینەکەم ڕۆژ لە ڕۆژ خراپتر دەبوو ، بەیانیان ئەی دەهێشت هەتا فڕم دابهێنم ئەوەندەی مشغول دەکردم بڕۆ ئەمە بکە بڕۆ ئەوە بکە، هەتا وەکو منداڵێکی بچوك خراپتر هیلاك و ازعاجی دەکردم، بەیانیان ئەوەندە بە پەلە ماڵم کۆ دەکردەوە زۆر بە شپرزەیی دەچووم بۆ دەوام، وای لێ هاتبوو دەم ووت من لەوەتەی تعین بووم زیاتر وەزعم خراپ دەبێ...

( *** مشکلەی زیاترت بۆ دروست بووە لە جیاتی ئەوەی وەزعت باشتر بێت حسابی ئەوەت بۆ بکات تۆش کارەکەی وەکو ئەو هەڵدەسوڕێ بۆژیان و معیشەتتان. کەچی خراپتر بووە لە جیاتیئەوەی لە مەجالی کاردا مورتاح تر بیت ، حسابی ئینسانێکت بۆ بکات کە لە مەیدانی کاردای.؟..** )

بەڵێ ، ئەوە بوو مانگێکی ناخایاند توانیم (٦) مانگ دەوامی دائیرە بکەم بەم شێوەیە لەگەڵ ئەودا. ئەم ئەوێرا قسەی لەگەڵ بکەم تێی بگەیەنم کە ئەم کەسانە ئەیە ئەرەوە بۆ دائرە ئەوانیش وەکو من موظفن، کاتێ چوونە دەرەوەمان بە یەکەوەیە، کەچی ئەوشێت دەبوو ئەعصاب ئەی گرت ئەی ووت بۆچی ئەو کاتەی ئێمە دەچینە دەرەوە ئەوانیش دێنە دەرەوە، ( ***مشکوك بوە** ) بەڵێ دایم وابوو، ئەخێر جاریش لەسەر چی بڕیارم داو ووتم ئیتر ئەم کەسە هی ئەوە نییە دانیشم لەگەڵی هەرچەند لەوە پێشتریش هەروا بوو بەڵام ئەمە ئیتر باشترین هەل بوو بۆم قەناعەت بە کەس وکاریشم بکەم کە دانەنیشتم لەگەڵیدا و بە کەڵکی ئەوە نایەت بژیم لەگەڵیدا. ئەوە بوودەهاتینەوە لە دائرە بچین بۆ منطقەکەی خۆمان ئەوە بو دابەزین شارەی پێبوو منیش خواردن وشتی نیوەڕۆم کڕیبوو دراوسێی خۆمان چەند وەخت تێکەڵاری یەك بووین بە مەرجێ خۆی پێش من ١٢ ساڵ پێش من ناسیبوی و ئەوە نەبوو بڵێی تازە ناسیومانەو دڵی لێی پیسە، هەڵبەت ئەگەر لە ماوەی ١٢ ساڵ دا بیزانیبایە خراپە ئەی دەهێشت هاتوو چۆ بکەین، نیوەڕۆ بوو دەهاتینەوە دنیا گەرم بوو، مانگی (٧)ە هاتینە سەرسوچی ماڵەکەمان ئەو دراوسێ یەمان کە بینی ئێمە شتی قورسمان پێیە لەو لاوە، وەستا تا ئێمە بێینەخوارەوە چونکە ئەو هیچی پێنەبوو، کەچی

کە هاتینەوە بۆ ماڵەوە ووتی ئەمجارە لەو ڕێگەیەوە بێیتەوە قاچت دەشکێنم، چونکە ئەوکەسەخەڵك باسی دەکات بۆخەڵك دەرەستێ یەعنی نەك هەر بۆ من بۆهەمووکەسێ، ئیتر منیش ووتم باشە من لەسەر قسەی تۆ لەو ڕێگایەوە هاتووم دەت ووت نابێ لەو ڕێگایەی تر هاتوو چۆبکەیت، چەنکە لەوێدا حمایەرچەکداری زۆری لێیە. هی (محافظ) ئەبێ لەم ڕێگایەی ترەوە هاتوو چۆ بکەی من لەسەر قسەی تۆ لێرەوە هاتووم، ئیتر ئەم قسەیەم کرد و وەکو شتێ بەدرۆکەوتەوە زۆر قسەی پی ووتم وکەوتە لێدانم ، ووتی من قسەیەکم نەکردتۆ قسەی تێدا نەکەیت، من بیرم دەچێتەوە ،قسە مەکە لەسەر ئەوقسانەی من دەیکەم، ئەگەر هەڵەش بێت لەودەقەیەدا پێم مەڵێ وایە، بێ دەنگ بەو دوایی بڵێ، دواتریش دەبوایە بم ووتایە ڕاستی، من خەڵەتم نەدەبووبەوێدا برۆشتمایە، نەدەبوایە من بە فکری خۆم یان بەمێشکی خۆم هیچ کارێکم بکردایە،

( * **یانی بەهەموو شێوەیەك هەموو قسەکانی ئەو جێبەجێ بکەیت.؟...** )

نا، ئەبوو هەر لەسەر عادەتی خۆی دەرگای لێ کلیل دام دەرگای حەوشە هەمووی لێ کلیل دام چونکە زانی ئەمجارەش ئەوەکو برۆم، منیش ئەمجارە بیری نەبووکە کلیلم پێیە چونکە دوو کلیلمان هەبوو بیری نەبوو کلیلەکەم لێبسەنێ، منیش دوای ئەو بەو سەعات ٢,٥ ی نیوەرۆیە بەوگەرمایە دەرگام کردەوە ومالەکەم بەجێ هێشت بەو شکلە، چونکە هەرچی شتمان کریبوو هەمووی دابوو بە سەرچاومدا، دوو کیلۆ تەماتەم کریبوو هەمووی گرتبووە دەم و چاوم، ئاردەکەی پشتە ماڵەکەو، ئەوە بوومنیش دەرگام کلیلداو هاتمە دەر لەماڵ، ئینجا ئەوت ئەخۆشی ئەفسی هەیە بەم کردەوانە.

( * **ئێ وایە ئەو کردەوانە ئەو افکارە دواکەوتوانەیە نفسیەتی ئینسان تێك دەدات وتووشی جۆرێك لە تێکچوونی وەزعی نەفسی دەکات ؟...** )

دەیووت من لەوە رقم هەڵدەستێ تۆ شەرم ناکەیت ئەیوت من بەم پیاوەتی یەی خۆم شەرم دەکەم تۆ تەواو نیت چونکە شەرم ناکەیت. ( **ئاخر ئەو بیروباوەرە پێی وایە ئافرەت دەبێ شەرم بکات و خۆی بەکەم بزانێ ...** ) ئەمە موشکلەیەکی ئەو بوو دەیووت بۆمن کە میوانێکی ژنمان دێت من سەرهەڵنابڕم لەئاستی داشەرمی لێ دەکەم کەچی تۆ کە میوانێکی پیاو دێت شەرم ناکەیت قسەی لەگەڵ دەکەیت بۆچی سەیری دەکەیت بۆ قسە لەگەڵ میواندەکەیت؟ ئاخر منیش ئەم دەتوانی وەکو ئەوبم میوانێك دێت بۆ ماڵەکەت بۆ قسەی لەگەڵ ئەکەم بۆشەرمی لێبکەم، دەیویست وەکو ئەو بم، ئەو تەنانەت منالێك ئەگەر کور بوایە وبهاتایە ماڵمان ئەیووت نابێ تۆخۆشت بوێ و ئەی ووت ئەو گەورە دەبێ ودواتر هەر خۆشی ئەوێت نا ئەم سفاتانەی هەبوو.




لە محکەمە ئەو شتانەی دەووت بەلام چی محکمە هەر لە مصلەحەتی ئەو بوو، هەر لایەنی ئەوی دەگرت،

( * **ئەمانەشی دەووت لە محکەمە هێشتا لایەنی ئەویشی گرتووە؟** ) دەیوت من بۆ پاراستنی شەرەفی ئەو ئەمانەم کردووە شەرەفی ئەو شەرەفی منیشە، ( * **باشە محکەمە لەسەر ئەمانە هیچی نەدەووت...** ) محامی ، جارێ محامی یەکەی من ژن بوو لەبەر ئەوە هیچ گوێیان لێ نەدەگرت وەکو محامی یەك وە هیچ مجالێکی وای پێ نەدەدرا ( حاکم ... ) هەموو حەقێکی دابوو بە

**لێدانەکە جێگایەکی شکاندبێ.؟...)**

ئینجا شایەتیشی هەبێ وایە،ئەو ئەتوانێ بڵێ خۆی کەوتوە یەکسەر گوێشی لێ ئەگرن.

**( * کەواتـە شکاتەکە ئـەبێ بەدڵنیایـەك دەلالیلـەوە بێت وئینجا شایەتیش.؟...)**

دوای ئەوە ووتیان خلافی انشقاق تا ٩٧ قضیە کە بەو شێوەیە ڕۆیشت دواتـر حـاکم قـەراری دا ووتـی تۆوئەو بە یەکەوە ناژین وەتۆ هەردەڵێ‌ی ئەو پیاوە وایە تاثێرە قضیە کە لە صالحی من شکایەوە، بەڵام دواتر مجاڵ تری دایەوە، پێ‌ی ووتی ئەبێ محامی بگریت بۆ ئەوەی دیفاع لەخۆت بکەیت ئەوە بوو لەمانگی ٩٩٧/٧ محامی گرت سەر لەنوێ شایەت ومحامی و قضیە کە دەست پێکرایەوە، کە قضیە کە دەستی پێ کردەوە ئەو محامی‌یەکەی پیاو بوو زۆر مسیطر بوو. ئـەویش بەهـەمان شـێوە محامیەکـە جـارێك دەهـات جـارێك نـەدەهات تاقضیە کە هەر درێژە بکێشـسێت وەرس بم ئەرکاتانـەی ئێمـە حـازر دەبویـن ئـەو محامی‌یەکـەی نەدەهێنا. ئەو چوار جار محامی‌یەکەی تاخیر کرد لە سـەری ئەکـەوت و قسـەیان ئـەکرد بـەڵام جـارێك محامی‌یەکەم بیری چوو بوو پێم بڵی شایەتەکەت بهێنە لەسەر مانکەوت، ووتیان ئێوە بۆتان نی‌یە جارێکی تر قسەبکەن، ئەوە بوو شایەتەکانی ئەو کە هێنابوونی هەر بەشان وباڵی وئەدا هەڵیان دەدا ئیتر لەسەری اسبات نەبوو بوو بەشەرێ ئەوشایەتەکانی لـەژیانیاندا ئەگـەر یەکێکیان یەکجار لەماڵی ئێمە ماوەتەوە ئەوی تریان من هەرقەد ئـەم بینیوە بـەس ئـەوەندە دەم زانی‌ئـەوانیش هەردووکیان ژنەکانیان لێیان جیا بوونەئەوەیەکێکیان ٥ مـانگ ژنەکـەی لەگـەڵیدا بـووە ئـەوی تریشـیان هـەر ژنەکەی‌لێ‌ی جیابوەتەوە هەر بەهەمان شێوە لەسەر دڵ پیسـی بوو هـەتاکو هاتـە سـەر ئـەوەی ووتیـان (حەکەمی‌سێهەم) کەسێکی‌من وکەسێکی ئەو کەسـەکەی ئەو رەفیقی بوو، ئینجا هاتە سەرئەوەی ووتیان تەنازل کە ووتم‌من هەرلەسەرەتاوە ووتومە هیچم ناوێ بـەس ئەو بێتە پێشەوە هیچ شتێکم ناوێ وەك چۆن من ئەوم ناوێ ئەویش منی ناوێ لە ئەوەڵی دا دەی ووت من تۆم خـۆش دەوێ ناتگـۆڕمـەوە بەوشـتانە هـەتا ئـاخر جـار خـەڵکی دەنـارد، بـەڵام قضیـە کـەم لەمحکەمـەدا بووجارێکی تریش هەر ووتمەوە کە من تنازل لەهەموو حقوقێکی خـۆم دەکـەم هیچیشـم نـاوێ، تەنها ڕزگـارم بێت،حـاکم بە محامی‌یەکـەی ووتبوومـادام ئـەو تنـازل لەوحقوقانەی دەکات ئەوا بەمارەی (٢) مانگ قضیە کە لەمحکەمەدا تەواو ئەکەم، ووتم من هیچم نـاوێ لـەوە باشـترە هـەموو ڕۆژێ بێـم وبچـم، هەرچـەندە دەزانم محکەمـە هـەر بـە قـازانجی ئـەو تـەواوی دەکـات، ناخۆشیشـە لەسـەر ئـەو هەموومشاکل وخـەم خـەفەتـە هێشتا حەق بدرێ بەو بڵێن ئەو ٤٠٪ خەتای هەیە وتۆ ٦٠٪ خـەتات هەیـە، هـەر لەبـەر ئـەوەی مـن داوای‌جیابوونەوە دەکەم.

**( *شتێکی تـر ئـەو لـەماوەی ئـەم دووسـاڵەدا کـە لەمحکەمە خەریکی جیا بوونەوە بوون ژنیش دەهێنێ ئەوە چۆن بوو تا پیری ئەوە لەسەرقضیەکە تان؟...)**

ئەو محامی گرت بۆ ئەوەی دیفاعی لێبکات؟

**( * ئـەی چـۆن کـە ئـەو ژن دەهێنێ‌چـۆن محکەمـە کۆتایی بەم علاقەیەی ئێوە ناهێنێ ئەمە دەلیلێکی ترە کە محکەمە کۆتایی بە قضیەکە بهێنێ.؟..)**

یەکەم لەبەر ئەوەی محکەمە دەیووت تۆ یەعنی ژنەکە دعوای قید کردووە وداوای‌جیا بوونەوە دەکات، ئەگەر پیاوەکە دەعوای قید کردایە لەسەر ژنەکە بۆی نەدەبوو ژن بـهێنێ ئـەویش هـەموو جـارێ محکەمـەی بـەوە دەیەستەوە ئەیووت من ئـەوم خۆشـدەوێ کـەچی دوو مانگیشی‌نەبرد مەسـەلەی محکەمەئەو ژنـی هێنایـەوە. سەرباری ئەمانە لەبەردەمی باحث اجتماعی‌دا بەهەمان شێوەی ماڵەوە چۆن سوکایەتی پێ‌دەکردم و قسەی پێ دەووتم، هەستایە سەر پێ‌و هەرچی‌قسـەی ناشـرینە پێ‌ی ووتم هەر ئەوەندە نەبوو لێم ئەدا.

**( *ئەی محکەمەو باحث اجتماعی ئەم تصرفەی بینیـ هەرجیای نەکردنەوە.؟..)**

هەوەڵ جار بڕیاری دا جیامان کاتەوە، ئینجا کە من بە باحث اجتماعی یەکەم ووت ئێمە بۆچی‌دادەنیشین،

ووتی بۆیێك کەوتنەوە ووتم ئەمە ئیتر ساڵو ئیوێکە خۆ ئیتسان جارێك دووجار ، بەمەش هەرجیایان نەکردینەوە هەر بەو قسەیەی کە دەیووت (من خۆشم دەوێ).

( *باشە لەسەرژن هێنانەکەی ئەومحکەمە دەیووت چی؟ چۆن رێگەی پێدابوو ژن بهێنێ، ئێوە هێشتا کێشەکەتان .لە محکەمەدا بوو.

لە راستیدا محکەمە خۆی دەڵێ کەسێك ژنێکی لە زەمەدا بێت ناتوانێ ژنێکی تر بهێنێ بەڵام ئەومحامی یەکەی دیفاعی لێکردوو دەیوورت ئەوژنەکەی ناچێتەوە بۆلای.بەلام ئەوان متیان بۆصلح هێنایەوە کە بەنیازی صلح بوو ژنی نەهێنایە یان کەژن دەهێنێ قضیەکەی من تەواو کات.

( *ژن هێنانەکەی ئەو دەلیلێك بوو بۆئەوەی تەواوجیاتان کەنەوە.؟...)

ئەوان خۆیان باشیش دەیانزانی ژنی هێناوە محامی یەکە زۆر باش دەیزانی هەر چەندە ئەو هەموو جار دەیوت ئەیهێنم. محامی یەکەش دەبیورت دەیهێنێ تۆ ناچیتەوە لای ئەویش ژن دێنێ .بەلام من دەمزانی کە گواستبویەوە ودەم زانی کچی کێیە تەنانەت لەماڵەکەی مندا بوون جلەکانی منیشی لەبەردەکرد. یەکێکی تر لەو شتانەی محامی یەکەی من لەبەر ئەوەی ژن بوو، ناڵێم ئەو خۆی زەعیف بوو، بەلام لە محکەمەدا سلطە بەدەست حاکمە ئەویش پیاوە، ئەو بە هۆی ئەوەی ژن بوو زەعیف دەردەکەوت ئەگینا محامی یەك دراسە دەکات رەنگە محامی یەکی کچ زیرەك تریش بێت بەڵام لەمحکەمەدا ناوایە کەمتر گوێی لێ دەگیرێت .

( *مەسەلەکە ئەوە یەگە ژنە، ئەوە ستەمێکە لە ژنان دەکرێت لە مەیدانی کاردا.؟..)

یەکەمجار محامی یەکەی من زۆری پێ خۆشبوو ووتی تەواو لەبەرئەوەی ئەو ژنی هێناوە تەواو کۆتایی بە موضوعەکە دەهێنین. کەچی هێشتا محامی یەکەی ئەو هەر دەیووت ئەم حەقی خۆیەتی ژنەکەی ناچێتەوە لای حەقێتی ژن بهێنێ. حاکم دەیووت گوایە لە حاڵەتێك دا دەتوانێ ژن بهێنێ دەبێ ئەو ژنەکە دەیهێنێ لە تەمەندا لەم ژنەی گەورەتر بێت، دووەمیش کچیش نەبێت ئەبێ بێوە ژن بێت، هەرچەندە واش نەبوو ئەو کچیشی هێنارەو لە تەمەنیش لەو منالترە بەلام لەسەر ئەوانە قسەی محامی یەکەی من هەر نەی خوارد.

( *لەم حاڵەتەدا محامی یەکەت دیفاعی چی بوو بۆ تۆ.چونکە ئەو پێشتر بە تۆی ووتبوو ئەو ژنی هێناوە قضیەکە بە دوو جەلسەی تر تەواو دەکەین. دوای ئەوەی هەر درێژەیان پێدا محامی یەکەت موقفی چی بوو.؟..)

لەبەر ئەوەی لە محکەمەدا مارەی نەکردووە عقدی زەواجی کردووە، بەلام خۆ من شایەتم هەبوو کە ئەو ژنی هێنا بوو هەموو دراوسێ کان دەیانزانی ژنی تری هێناوە. ئەوە بوو حاکم هەر لایەنی محامی یەکەی ئەوی دەگرت دوای ژن هێنانەکەشی دەیووت بائەم پیاوە حەقی نەخورێت، بۆ ئەوەی هەموومارەیی یەکە نەدات، بۆیە محامی یەکە هەرداتی بەرەدا نەدەنا کە ئەو ژنی هێناوە.

( * قضیەکە مادی بوە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر محاولەبکات ئەو قضیة ، بباتەوە و ئەویش وەك محامی ئەو براوەیە پارەی زیاتر وەرگرێت ؟..)

بەڵێ جاری بردنەوەی قضیە کە بۆخۆی سەربەرزی یە بۆ محامی یەکە بێجگە لە پارەکەی . ئەوە محکەمە مجرای خۆی وەرگت ئینجا (حەکەمی سێیەم). محکەمە خۆی کەسێکی دانا . بۆ ئەم حکمی سێهەمەش ئەبێ ئەو کەسەی دعوای قید کردووە (١٥٠) دیناری بۆ بدات. ئەوەبوو ئەوحەکەمی سێهەمەش قسەکانی هیچ فەرقی نەبوو لەگەڵ ( هاوسەرەکەم دا) ( ئەو) هەمان قسەی ئەوی دەکرد. ئەی ووت ئەو تۆی خۆشدەوێ هەتا ووتم بۆ بە ناوی ئەوەوە قسەی دەکەی، دەیووت من قضیە کەم دراسە کردووە ئەزانم.من لەگەڵ ئەو کەسەدا بەزۆر زەواجم نەکردووە کەس بە زۆر منی نەدابوو بەو یان ئەو بە زۆر بە تفاهمی هەردووکمان بوو، بەلام کە سەیرم کرد ئێستا ئەوکەسە ئەوە نی یە کە من ریستومە ،هیچ جۆرە تفاهمێکی نی یە وبە دوو شخصیەت خۆی نیشان دەدا، ئێستا ناتوانم لەگەڵیدا

بژیم لەسەر ئەو ئەساسە لێی جیا دەبمەوە، (حەکەمی سێهەم) هەر دیفاعی لەو دەکرد،تعینی کردووی، چی و چی. دەیوت لەگەڵ محامی هەردووکتان قسەم کردووە، ووتم نەخێر گوێ لەمحامی یەکەی من ناگریت، حەکەم دەیووت تۆ پێت ناخۆش نی یە ژنی هێناوە ووتم نەخێر کە من ئەوم نەوێت حەقم چی یە ژنی هێناوە. دواتر ڕوو یە ڕووی کردینەوە، ئەو واتە هاوسەرەکەم ووتی ئێمەیەکتریمان خۆش دەوێ باوکی خراپ دایکی خراپە.

... کۆمەڵێ شتی ناڕاست ئەوان بە زۆر لەمنی دەسەندنەوە منیش تحمولم نەکرد ووتم درۆ دەکات عائلەی من وانی یەو زۆرو زۆرداری ناکەن، کە ئەوقسانەم کردو توڕە بووم ٤٠٪ ی خەتاکەی خستە سەر ئەو و ٦٠٪ ی خەتاکەی خستی یە سەر من، دەیانووت نابێ بڵێی درۆ دەکات، ووتم ئاخر ئەو شتێ بڵێ من ناتوانم بلێم ڕاست دەکات ئەگەر ڕاست بکات بۆ شکاتی لێ دەکەم و جیادەبمەوە

( *کەواتە حەکەمە کە فەرقی نەبوە لەگەڵ ئەو دا لەعقل و فکردا.؟)...

ئەی چی دەیوت قسە بۆچی دەکەی لەڕووی دا ئەو باش بوە بردویتی بۆ سەیران و . کە لەهەموو ژیانماندا یەکجار بردمی بۆ سەیران ئەویش خۆی دەیووت دێم لەگەڵت بزانم بە کەڵکی سەیران دێیت ناقیم کاتەوە.

**( * باشە لەسەر محامی یەکەت، کە محامی یەکەت لەبەر ئەوەی ژن بوو، گوێیان لێ نەدەگرت مەجالیان نەدەدا قسە بکات، ئەم هیچ نیگەران نەبوو بەو وەزعە، ناڕەزایەتی نەبوو.؟..)**

لە ڕاستیدا ئەگەر بم زانیایە بەم شێوەیە سەیری محامی ژن دەکرێت قەت محامی ژنم نەدەگرت، ئەوەی کە محامی یەکەم ژن بوو بەشێک بوو لەوەی کە قضیە کەم دۆڕاند چونکە دووبارە غدرم لێکرایەوە، سەرباری ئەوەش محامی یەکەشم وەکو پیاوێکی ڕەجعی دەیووت پیاو وایە تۆ بۆچی لە بەردەمی حەکەم دا ئەڵێی ڕاست ناکات ئێستا تۆ وەکو ژنێکی هاوردەسەرەر سەیر دەکەن و ( سەیری ئەوە ناکەن تۆ لە وەزعیەت و لە بەرامبەر چی دا تورە بوویت....)

**( * باشە پرسیارەکەی من ئەوەیە محامی یەکەت لەسەر ئەم هەموو بێ مافی یەی خۆی قسەی نەدەکرد ناڕەزایەتی دەرنەبڕی.؟.)**

لەسەر ئەو هەموو شتانە ڕای نەبوو ،هەمووجارێ من پێم دەووت بۆچی (تۆ قسە ناکەیت) محامی یەکەی ئەو ئەو هەموو قسەیە دەکات تۆبۆ جوابی نادەیتەوە محامی ناوی خۆی بەخزیەومیەتی.

**( * باشە بە ڕای تۆ ئەو تواناى نەبوو یان نەیدەزانی دیفاع بکات یان چی.؟...)**

خۆی بە زەعیف دەزانی لەبەرئەوەی ژنە، بیەوێ وبەیەوێ حاکم پیاوەو ئەو وەکو ژن زەعیف سەیر دەکات ومجال کەمی پی دەدا، ڕای ئەو لەهی محامی یە پیاوەکە بە کەمتر دەزانی، ئەوە بوو ئەریەوهەموو تاوانباری یەی محامی یەکەی دیفاعی لێ دەکرد.

**( * بەهەر حاڵ نەتیجە وای لێ هاتووە تۆ تاوانبار بوویت ٦٠٪ تاوان لەسەر تۆ بووە، چونکە داوای جیا بوونەوەت کردووە.؟..)**

من زۆر قسەم کرد ووتم ئەم هەموو مشاکلەیە بە پارە قیاس مەکەن خۆ من مارەیی یەکەم زۆربوو بەڵام دەستم لە هەمووی هەڵگرتبوو لە کۆتاییشدا ٦٠٪ ی مارەیی یەکەیان داشکاند ویەکەم خەتا خرایە سەر من لەبەر ئەوەی من داوای جیابوونەوەم کرد، دوەمیش حاکم دەیووت لەبەر ئەوەی ئەو ژنێکی تری هەیە نەفەقەی کەسێکی تر دەکێشێ بۆیە هەموو نەفەقەی ئەم ژنەی ناکەوێتە ئەستۆ.

**( * ئەی نەفەقەکەیان چۆن بۆ بڕیتەوە چۆن ئەیان داپێت.؟...)**

١/٥ ی معاشەکەی دەدرێت بەمن ڕمانگی ١٢٠ دیناری ئەو ماوەی ساڵەی کە لەماڵی باوکم بووم مصرفم لەسەر ئەو بوو مانگی ٢٧٠ دینارم دەدرایە، ئەم قەرارەش لەمانگی ٧ ی ٩٨ هەتا مانگی ١٢ ی٩٨ لە دوایی دا ئەو قەرارەش نەماو هەر تەنها ١/٥ ی معاشەکەی مایەوە کە ١٥٠ دیناربوو.

# تیشکێک لەسەر گفتوگۆکەی (نازەنین)

سارا

نازەنین لە قسەکانی دا ((لەو گفتوگۆیەدا) ژیانێکی واقعی کەبەشی هەرە زۆری ژنانی کۆمەڵگای پیاو سالاری بە دەخاتە روو. زۆر ڕۆشن واقعیەتی خێزانی کۆمەڵگای بورژوازی نیشان دەدات کە پیاو تیایدا سەروەر و دەسەڵات دارە و بە حوکمی ئەم جێگاو رێگایەی کە پێی دراوە بوەتە ئامرازی چەوسانەوەی ژنان. بە شێوازی جۆراو جۆرو دژی ئینسانی لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستێ و مامەڵەیان پێوە دەکەن. ژنانیش ژێر دەستەن و کالایەکی خودی ئەو خێزانەن کە خاوەنەکەی هەر چۆنێک پێویستی بە بەکارهێنانی بوو دەستی بۆ دەبات هەروەک نازەنین دەڵێ " ژن بۆ پیاو وەک تلفزیۆنێکە هەر کاتێ بیەوێ دایدەگیرسێنێ یان دەیکوژێنێتەوە". بۆیە ژنان خاوەنی هیچ شتێک نین و بە پێی ئەم جێگاو رێگایەش کە پێیان دراوە نارەزایەتی بیان بە هەزاران شێوازی دژی ئینسان سەرکوت کراوەو لە ئاستێکی نزم دا ڕاگیراوە. ( قسە لە قسەی مندا مەکە هەر چیەکم ورت مەڵێ نا) توندی سەرکوت و بێبایەخ کردنی ژنان وەک ئینسانێک گەیشتوەتە رادەی ئەم جۆرە فەرمانە بە فەرز وەرگیراوانە بەسەر ژنان دا و زۆر بە ئاسانی لە زمانی هەر پیاوێکی ئەم کۆمەڵگایەدا لە بەرامبەر هاوسەرو هاوژینی‌خۆی دا بدرکێنێ و وەک خوو نەریتێکی سادەو رۆژنین سەیر کرێت.

ژنان وەختێک دەبنە خاوەنی ئابوری خۆیان و لەمەیدانی کاردا کاردەکەن خود بە خود، (ئۆتۆماتیکی) ئاڵ وگۆر لەم وەزعیەتیان دا دێتە دی. ئەوەرۆشنە کە تەواوی ئەو سوننەت و فەرهەنگە دوا کەوتووانەیە کە بە بەردەوامی هەیە لە خێزان و کۆمەڵگادا و ئەم شێوە پەیوەندییەی ( ژن ومێرد) لە خێزانی بورژوازیدا، دەرهاویشتەی نیزامی سەرمایەداریەو پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکان دیاری دەکەن. بەڵام دەبینین لە کۆمەڵگایەکدا کە بیروباوەری پیاو سالاری و ژێر دەستەیی ژن ویەکەم سەیر کردنی ژن و بە کالا کردنیان رەگ و ریشەی داکوتاوە لە نێو یەکەبنەرەتی‌یەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگادا (خێزان) و لە نێو زەین ومێشکی تاکەکانی کۆمەڵدا هێشتا جێگاو رێگای نوێ ی ژنان لە مەیدانی کاردا بە رەسمی نەناسیوەو ئەم جێگا کۆمەڵایەتی‌یەی ژنان نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر جێگاو رێگای کۆنی داو لێکدانەوەی کۆن بسرێتەوە. بە هۆی زاڵی فەرهەنگی کۆنەوە هێشتا ئابووری‌یەک کە ژنان لە مەیدانی کاردا بە دەستی دەهێنن بە ئابوری سەربەخۆی ئەوان بە حساب نایەت تەواوی داهاتی ژن دەگەرێتەوە سەرداهاتی خێزان و لە خێزانیشدا پیاو بەرێوە بەرە. نازەنین دەڵێ‌کە لعین بووم وەزعم لە جاران خراپتر بوو مشکلەم بۆ دروست بو اهانەی زیاترم پێکرا". هەڵبەتە ئەمە نەفی ئەوە ناکاتەوە کە چوونە مەیدانی کارەوە وەزعیەتی ژنان ئاڵوگۆر پێ‌ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە چوونە مەیدانی کارەوە بەرەو بەدەست هێنانی ئابووری سەربەخۆ پێشرەوانەترین و شۆرشگێرانە ترین هەنگاوێکە لە راستای رزگاری ژناندا. لێرەدا قسەکە لەسەر ئەوەیە کە کۆنە پەرستی و فرهەنگی پیاو سالاری چ ردگ و

ریشەیەکی داکوتاوە و نەبێ چۆنیش ریشە کێش کرێت. ئەوەتا دەبیستین کە چۆن محامی‌یەک تەنها لەبەر ئەوەی ژنە، مافەکانی پێشێل دەکرێت ویەکسان نین لەگەڵ پیاواندا، تەنانەت وەک محامی‌یەک رێگەی قسە کردنی‌ناوەڵانی‌یە. تەواوی ئەمانە ستەمێکن لە دژی ژنان کە لە هەر گۆشەو کەنارێکی ئەم کۆمەڵگایدا بە پلەی بەرزو نزم دەرهەق بە ژنان دەکرێت. واتە روی کۆمەڵایەتی ئەم مەسەلەیەیە.

ستەمی یاسایی کە باسێکی زۆری لەسەرە، لە گفتو گۆکەی نازەنین دا وەختێك باسی جیابوونەوکەی دەکات کە نزیك بە دوو ساڵی خایاندووە زۆر رۆشن ئەوە دەخا تە روو کە یاسا بەشێکی گرنگ و سەرەکی‌یە لە چەوسانەوەی ژنان ودرێژەدان و رەسمیەت دان بەو ستەمە کۆمەڵایەتی‌یەی کە لەسەر ژنانەو نەك هەر ئەمە بەڵکو یاسا پشتوانی‌یەکی حدیو بەهێزی ئەم ستەم و بیروباوەرە کۆن و دژی ئینسانی‌یەیە لەسەر ژنان. چی لەوە شەرم هێنەر ترە یاسا رێگە ئەدات بە پیاو دو ژن بهێنێ لە کاتێکدا هاوسەرەکەی دەعوای لەسەر قەید کردووە مێشا محکەمە بڕیاری لەسەر قظیە کە ساغ نەبوەتەوەو سەرباری ئەمەش پێی دەڵێ ژنێك‌بهێنە تەمەنی لە یەکەم زۆر تر بێت و بێوەژن بێت !!!؟.

ئەمە چ یاسایەکە کە دوو ساڵ وبگرە شەش ساڵیش دوو کەس بە یەکەوە دەلکێنێت کە هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی ئینسانی لە نێوانیاندا نەمابێ و لە کاتێکیشدا لایەکیان بڕیاری لەسەر جیابوونەوە دابێ. جا ئەمە خودی یاساکانە کە بە ئاشکرا ستەم لەسەر ژنان رەسمیەتی پێ دەدەن لەوەش خراپتر ئەوەیە هەندێ کات بەشێك لە بەرێوبەرانی ئەم یاسایا نە خۆیان غەرقی کۆنەپەرستین و وەك هەر کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگا دەڕواننە ماف و ئارەزووەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا.نازەنین دەڵێ ( حاکم کە وەك حەکەمی سێیەم دانراوە لە قظیە کەیدا) قسەکانی‌هیچی جیاواز نەبووە لە قسەی هاوسەرەکەی بەو هەموو توندو تیژی وبیروباوەرە کۆن و دواکەوتوانەیەوە. کەواتە خودی یاساتیفیکی زەهراوی گەرەنی ژنانەو بەرێوبەرانیشی ڕۆژانە لە دادگاکان دا خەریکی زیاتر ژاراوی کردنی ئەم تیفەن. هەموو ئەمانەو سەرباری قازانج پەرستی مادی‌ی و لە پێناو بەدەست هێنانی پولێکی زیاتردا پارێزگاری کردنی بێ بناغەو بێ ناوەڕۆك بۆ بەزمووی داخستنی بەرامبەرەکەی ڕسوایی‌یەکی تری یاساو تەواوی ئەم سیستەمەیە. لەم باسەدا نازەنینی چەند جار ستەم لێکراو دەڵێ (محامی‌یەکەی ئەو هەر بزنەوەی قضیە کە بەرێتەوە و پارەیەکی‌زیاتری بەرکەوێ بە توندی دیفاعی لە هەموو ئەو دڕندەیی‌یەی ئەو دەکرد).

ئەم باس و بەسەر هاتەی نازەنین مشتێکە لە خەرمانێکی گەورە وڕۆژانە دەیان و سەدان چیرۆك و بەسەرهاتی لەم چەشنە لە دادگاکاندا تۆمار دەبن و، قارەمانانی ئەم داستان و چیرۆکانەش، پیاو سالاری ویاساکان و، پارێزەرانی ئەم ئیزامەن.

# سانسۆری ئیسلام تەنانەت لە سەر گۆرانی وتن!!

کەژاڵ حمە رشید

**پرسیار : ئایا ئافرەت بە گۆرانی وتن تاوانبار دەبێت؟**
**وەلام ئەگەر،**
**١-گۆرانی‌یەکە وشەی حەرامی تێکەڵ بێت.**
**٢- پیاو گوێی لێبێت.**
**ئەوە دروستە گۆرانی لە کاتی مناسبات یان کاتی خەواندنی مناڵ یان.........**
**بەو حکمەی کە کەنیزەکان گۆرانی یان دەووت لەبۆ بەکری صدیق بێ دەنگی دەکردن بەلام پێغەمبەر فەرمووی وازیان لێبهێنە، کە ئەوکاتە مناسبەی جەژن بوو..**

ئەمە پرسیارو وەلامی بلاوکراوەی یەکێک لە رەوتە ئیسلامی‌یەکانە.

اسلام یان با بلێین اسلامی سیاسی دەڵێت گۆرانی ووتن ژن تاوانبار دەکات لە کاتێک دا پیاو گوێی لێ بێت یان گۆرانی‌یەکە ووشەی حەرامی تێدا بێت، وە گۆرانی ووتنی ژنان تەنها دەبێت لە کاتی مناسبات یان خەواندنی مناڵ دا بێت.

لە راستیدا ئەم تێڕوانینە ئەوەندە بێ‌مانایە کە لەگەڵ ئەوەدا کە هەر تەنها بیستنی ئینسان نارەحەت وبێ تاقەت دەکات، لە هەمان کاتدا پێکەنین و زەردەخەنەیەکی خەماویش دروست دەکات. ئەم بریارو ئامۆژگاری‌یانە، ووتەکانی سەردەمەکانی جاهیلین کە بۆسەر کوت و نزم راگرتنی پایەی ژن لە کۆمەڵگادا وتراون ئێستاش لە لایەن زۆربەی زۆری کۆمەڵگاوە فرێ دراون و لە بیرچونەتەوە. یان لەگەڵ بابەتە کۆن وبێ‌بایەخ و سوارەکان دا فرێ دراونەتە زبڵدانی مێژووەوە. بەلام سەیر لەوەدایە و نارەحەتی دووبارە لەوە دایە کە هەڵ و مەرجێک لە ئارادایە کە بەشێک لە رەوتە اسلامی‌یەکانی ئەم سەردەمە دەم لەم ئاشە دەکوتنەوەو ئەم قەوانە سواوە لێ دەدەنەوە ولە گۆڤارو رادیۆکانیانەوە دەی دەنەوە بە گوێی ژناندا.

## • کێ گوێی لەم قسەیە گرت؟

ئەگەر تەنها چاوێک بخشێنین بە هونەری ئەمڕۆدا سەرباری هەرچەشنە لاوازی و کەم کورییەکی دەبینین ئەم مەیدانە رازاوەترە لە جاران بە دەنگی ژنانی و لاوانی تازە پێگەیشتوو، بە دەنگی خامۆش و کوتەک لە سەر لادراویان و دەنگی

# ساڵی ٢٠٠٣ ژنانی کوێت بەشداری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن

ژنان لە وڵاتانی خلیج تا ئێستا لە مافە سیاسی‌یەکانیان مەحروم بوون واتە لە ئینتیخاباتەکانی وڵاتدا بۆیان نەبوو بچنە بەردەم صندوقەکانی هەڵبژاردن وەك هاوڵاتی یەك، هەروەها چۆن مافی خۆکاندیدکردنیان نەبووە

ماوەی چەند ساڵێکە باس کردن لەسەر ئەم مەسەلەیە و لێکدانەوەی وبڕیاردان لەسەر ئاڵ و گۆڕ و مافەکانی ژنان دا باسێکی جدی نێو پەرلەمانەکان و دەزگانەکانی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەیە ساڵی پار لە وڵاتانی قطر باسێکی زۆر لەسەر دەوری دەخاڵەتی ژنان کرا لە هەڵبژاردنەکان داو قسەی زۆر لەسەر بەشداری کردن و نەکردنیان کرا.

لە لایەکی تریش ژنان لەم وڵاتانەدا بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی‌یان بەرێ خستووە ئەگەر چی زۆر توندو بەرزو فراوانیش نەبێت . دەنگ هەڵبرینی ژنان بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستەیان کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی مەسەلەکەو ئاڵ وگۆڕ لە بڕیارەکانی سەرانی ئەو دەوڵەتانەدا پێکهێناوە، ئەوەتا لە وڵاتی کوەیت لە ژێر فشاری ناڕەزایەتی ژنان داو هاتنە مەیدانی ئەواندا. دەوڵەتی کوەیت بڕیار ئەدات کە تەواوی مافە سیاسی‌یەکان بە ژنان بدات لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٣ دا. بەم شێوەیە ساڵی ٢٠٠٠ (دوو هەزار) واتە سەدەی نوێ ڕەوەندێکی تازە دەبێت بۆ ژنانی وڵاتانی خلیج لە بزوتنەوەی حەق خوازانەکەیاندا بێگومان ئەمە دەستکەوتێکە کە جێگای ڕێگای ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ژنان لە کۆمەڵگا دا دەباتە سەرو خەبات وناڕەزایەتی و داخوازی‌یەکانی ژنان بەرزتر دەکاتەوەو قۆناغێکی گەشە دارترو باڵا تر دەخاتە بەردەم ژنان و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەیان.

هەواڵ

# ئەم بڵاوکراوانە بناسە



## شکاندنی حەرام یان پیاسەیەك بە ناوکێڵگەیتیرۆردا

## (( لە پێناو بەردەوام بوونی ٨ ی مارت ))

ئەمە ناونیشانی نامیلکەیەکە بە بۆنەی ٨ی مارسی ١٩٩٩ وەدەزگای چاپ وپەخشی سەردەم دەری کردووە

لەمنامیلکەیەدا شیعرێکی مامۆستا شێرکۆ بێکەس بڵاوبوەتەوە . هەروەها چەند نموونەیەك لە قسەی ڕۆژانی هەینی‌مەلاکانی‌شاری سلێمانی کەتیایدا هێرش دەکەنە سەر ژنانی یەکسانی خوازو هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان و لە دژی زەواجی مەدەنی‌و ئازادی زەواج ڕادەوەستن _




میدوسا بڵاوکراوەیەکی (کانوونی ژن و سۆسیالیزمە، بڵاوکراوەیەکی وەرزی‌یە چەند مانگێك جارێك دەردەچێت. میدوسا کە بە زمانی فارسی دەردەچێت تایبەتە بە کێشەو مسائلی ژنان وچالاکی‌یەکانی بزوتنەوەی ژنان. میدوسا لە ڕوانگەیەکی سۆسیالیستی‌یەوە دەڕوانێتە چارەسەری کێشەکانی ژنان، تائێستا ٣ژمارەی لێ دەرچووە.

ئازەری ماجدی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانە سەر نووسەری ئەم بڵاوکراوەیە. میدوسا لە یەکێك لە وڵاتانی ئەورووپی‌یەوە بە چاپ دەگەیەنرێت ولە ڕێگەی‌ئەنتەرنێت و ، هەروەها لەڕێگەی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێرانەوە دەگاتە کوردستان لە مانگی‌ئایاری ١٩٩٩ دا میدوسا یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست.

# سانسۆری ئیسلام ئەنانەت لە سەر گۆرانی وتن!!

کەژاڵ حمە رشید

پرسیار : ئایا ئافرەت بە گۆرانی وتن تاوانبار دەبێت؟
وەلام ئەگەر،
١-گۆرانی‌یەکە وشەی حەرامی تێکەڵ بێت.
٢- پیاو گوێی لێبێت.
ئەوە دروستە گۆرانی لە کاتی مناسبات یان کاتی خەواندنی منداڵ یان.........
بەو حکمەی کە کەنیزەکان گۆرانی یان دەووت ئەبو بەکری صدیق بێ دەنگی دەکردن بەلام پێغەمبەر فەرمووی وازیان لێبهێنە، کە ئەوکاتە مناسبەی جەژن بوو..

ئەمە پرسیارو وەلامی بلاوکراوەی یەکێک لە ڕەوتە ئیسلامی‌یەکانە.

اسلام یان با بلێین اسلامی سیاسی دەڵێت گۆرانی ووتن ژن تاوانبار دەکات لە کاتێک دا پیاو گوێی لێ بێت یان گۆرانی‌یەکە ورشەی حەرامی تێدا بێت، وە گۆرانی ووتنی ژنان تەنها دەبێت لە کاتی مناسبات یان خەواندنی منداڵ دا بێت.

لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینە ئەوەندە بێ‌مانایە کە لەگەڵ ئەوەدا کە هەر تەنها بیستنی ئینسان نارەحەت وبێ تاقەت دەکات، لە هەمان کاتدا پێکەنین و زەردەخەنەیەکی خەماویش دروست دەکات. ئەم بڕیارو ئامۆژگاری‌یانە، ووتەکانی سەردەمەکانی جاهیلین کە بۆسەر کوت و نزم ڕاگرتنی پایەی ژن لە کۆمەڵگادا وتراون ئێستاش لە لایەن زۆربەی زۆری کۆمەڵگاوە فڕێ دراون و لە بیرچوونەتەوە. یان لەگەڵ بابەتە کۆن وبێ‌بایەخ و سوارەکان دا فڕێ دراونەتە زبڵدانی مێژووەوە. بەلام سەیر لەوەدایە و نارەحەتی دووبارە لەوە دایە کە هەڵ و مەرجێک لە ئارادایە کە بەشێک لە ڕەوتە اسلامی‌یەکانی ئەم سەردەمە دەم لەم ئاشە دەکوتنەوەو ئەم قەوانە سواوە لێ دەدەنەوە ولە گۆڤارو رادیۆکانیانەوە دەی دەنەوە بە گوێی ژناندا.

## • کێ گوێی لەم قسەیە گرت؟

ئەگەر تەنها چاوێک بخشێنین بە هونەری ئەمڕۆدا سەرباری هەرچەشنە لاوازی و کەم کورییەکی دەبینین ئەم مەیدانە ڕازاوەترە لە جاران بە دەنگی ژنانی و لاوانی تازە پێگەیشتوو، بە دەنگی خامۆش و کوتەک لە سەر لادراویان و دەنگی



# "تایتانیك" ڕەمزێک بۆ خۆشەویستی

## بۆچی لاوانی کوردستان بە توندی ئارەزوویان لەم فیلمە کرد ؟

کاتێك پەیوەندی خۆشەویستی مانا ئەصلی و ئینسانی‌یەکەی خۆی پەیدا دەکات کە سنور و بەربەستە ئابوری و کۆمەلایەتی وسیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکان دەبەزێنێت، ئەوکاتە سۆزو خۆشەویستی لە بەرزترین ئاستی ئینسانی دا لە نێوان ژن و پیاودا خۆی نیشان دەدا. بەمەرەمەعتد بوون لەم ئەویتە لەم چەشنە پەیوەندی‌یەدا، خواست و ئارەزووی دڵی مرنینسان و لاوێکی سەردەمە.

فیلمی (( تایتانیك)) نمونەی ئەم پەیوەندی‌یە پیرۆزە دەخاتە روو. سەرباری ئەوەی بەپێی بەرژەوەندی خێزانە داراکان قاچاغ دەکرێ و. لە ژێر چاودێری و زۆرو فشاردا دەبێت و چەندین بەربەست دەخرێتە بەردەم ئەم عەشقە. بەلام ( ڕۆزو جاك) پالەوانانی فیلم بە حەماسەت و گرو تینێکی لاوانی ئەم سەردەمەوە بەربەستەکانیان تێك دەشکاند بۆ زیندوو مێشتنەوەو بەردەوامی دان بە عەشقەکەیان. حەماسەتی ئەم دوو لاوە گوڕی داپە بەر هەرلاوێك و عاشقێکی دڵ گەرم و تەنانەت دڵی ژن و پیاوە کامڵە کانیشی بزواند " بۆیە تایتانیك بوە بزوێنەری هەر دڵێکی زیندوو"

هەر بۆیە لەگەڵ پەخش بونی فیلمی تایتانیك دا لە شاشەی تلفزیۆنەکانەوە: یەکسەر ئەم فلمە بوە جێگایی سەرنجی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگا و بە تایبەتیش لاوان. لە هەموو دنیادا بە مەلاین وێنەی ( ڕۆزو جاك) لە چاپخانەکان لە چاپ دەدرێت کە ژمارەکەی بوەتە جێگای سەرسوڕمانی چاپەمەنی‌یەکان. لە کوردستانیش دا زۆرینەی خەڵك و لاوان رقوتابیان دەفتەرو کتێب رئۆتۆمبیل ومالەکانیان بە وێنەی تایتانیك دەرازێننەوە، بۆ ساتێك ئارامی نیگاکانیان دەبڕنە ئەو وێنانە. لاوان جێگا بە جێگا هەواڵ بە هەواڵ لاپەرەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەگەرێن بۆ بیستنی هەواڵێکی نوێ ئەم فیلمە و ئەم دوو هونەرمەندە. توندی ئارەزووی خەڵك لەم فیلمە بە شێوەیەك ڕۆیشت کە تەنانەت بازرگانان بۆ ساغ کردنەوەی کالاکانیان و گەم کردنی بازاڕەکانان، ناوی تایتانیك یان وێنەکانی دەخەنە سەر کالاکانیان. ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیاندنەکانی جیهان و کوردستان زۆریان ووت لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئەم فیلمە، لایەنی چینایەتی و نیشان دانی دوو چینی جیاواز، و لایەنی هونەری‌و، لایەنی بازرگانی‌و ......هتد. رەنگە لە دونیای سەرمایەدا بازرگانی کردن بەم فیلمەوە سەرنج راکێش بێت ولە دونیای ئەدەب وهونەریشدا سلن دیۆن و گۆرانی‌یەکەی ولایەنی هونەری سەرکەوتووی فلیمەکە سەرنج راکێش بێت بۆ خەڵکی کوردستانیش، وە بەتایبەتی ئەوین داران و لاوان سەرباری کاریگەری ئەو لایەنە سەرکەوتوانەی فلیمەکە، بەشێکی سەرەکی کە سەرەنجی ئەمانی راکێشاوەو رادەی مەیل وئارەزوویاتی لەم فلیمە تا ئەم ئاستە گەیاندووە، خستنە رووی جۆرێك لە پەیوەندی خۆشەویستی ئینسانانەی نێوان ئینسانەکانە واتە عەشقی نێوان (ڕۆزو جاك)، هەرچەندە ئەم عەشقە بە ڕادەیەك رۆمانسی‌یە. بەلام ئەم شێوە خۆشەویستی و قوربانی‌دان و ئیرادەیە، ئارەزووی لاوانی کوردستانە. لاوانی کوردستان بە نیشاندانی ئارەزوویان لەم فیلمە دەیانەوێ بلێن ئێمە ئەم جۆرە لە خۆشەویستی و پەیوەندی هاوچەرخمان دەوێت، دەیانوێت بلێن ئێمە ئەم جۆرە لە پەیوەندی‌یە ئینسانی‌یەمان دەوێ.

زۆرێك لە کوران و کچانی لاو لە کوردستاندا وەختێك لە چەشنی (ڕۆزو جاك) خۆشەویستیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە رپیادەی دەکەن ، دەدرێنە بەر دەست ڕێژ ی گوللە هەر بۆیە لاوانی کوردستان لە ژێر باری ئەم هەموو بێ‌مافی و چەپاندنە (کبد) ی جنسی‌یەدا بە ئاشکرا دەڵێن عاشقی " تایتانیکین" و تایتانیك بوبە ڕەمزێکی خۆشەویستی.

(( سلن دیۆن ))



هەموو شەوێک لە خەونەکانمدا دەبینم وهەست پێدەکەم
من بەو شێوەیە تۆ ئەناسم............. بەدەوام بە
لە هەموو دووری و بۆشایی نێوانمان
تۆ هاتیت و وخۆت نیشان دا....... بەردەوام بە
نزیک ......دوور لە هەر کوێیەک بیت
لەو باوەڕەدام کە خۆشەویستی بەردەوام دەبێ
تەنها جارێک زیاتر دەرگاکە بکەرەوە
تۆ لێرەیت لە ناودڵما ........ دڵیشم بەردەوام دەبێ
ڕەنگە خۆشەویستی تەنها جارێک بمانگرێ......
تا کۆتایی بە درێژایی ژیانمان......
هەرگیز نایەڵین لە دەستمان بچێت........ بەردەوام ە
خۆشەویسی لەو کاتانەیە
کە بەڕاستی خۆشم ئەوێ ی و لە
ئامێزت ئەگرم......
لە ژیانمانا .....هەردەم بەردەوام ئەبین.....
نزیک ........ دور لە هەر کوێیەک بن.
لەو باوەڕەدام خۆشەویستی بەردەوام ئەبێ
تەنیا جارێک زیاتر دەرگاکە بکەرەوە
تۆ لێرەیت لە ناو دڵما....... دڵیشم بەردەوام ئەبێ
تۆ لێرەبیت هیچ شتێ یەک نی یە
لێی بترسم.........
ئەشزانم کە دڵم بەردەوام ئەبی......
ئیمە ئەمێنینەوە بەو شێوەیە بە درێژایی ئەم ڕێبازە
تۆ لێرەیت.......... لە ناو دڵما داخراویت
وە دڵیشم بەردەوام ئەبێ...............

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ

# ئەمەل سعید

ئامادە کردنی/ (چیمەن علی)

ئەمڕۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە مەیدانی ئەدەب وهونەرداو دەرکەوتنی چەندین ژنی لاو لە بواری سینەماو شانۆو گۆرانی و مۆسیقادا نەخشی بەرچاوی هەیە ئالوگۆر لە وەزعیەتی ژنان و بەرەو پێش بردنی ڕەوتی مەدەنیەتی کۆمەڵگاداو سیمای مەدەنی کۆمەڵگا بەشێکی بەدەرکەوتنی ئەم ژنانە لەسەر شاشەی تلفزیۆنەکان و لەسەر شانۆو سینەماکان نەخشاوە.

هەر ئێستا چەندین ژنی گۆرانی بێژ لەسەر شاشەی تلفزیۆنەکانەوە دەبینرێن و دەرکەوتنی ژنان لەم بوارەدا دیاردەیەکی ئێستای کۆمەڵگایە.

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ژنان بەم سیمایانەو بەم هاتنە مەیدانەی ژنان لە مەیدانە جۆراو جۆرەکانی کاری کۆمەڵگاو مەیدانەکانی ئەدەب و هونەردا، بەرەوپێشتر دەچێت و گەشەدارتر دەبێت، بۆیە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ژنان ئەم هاتنە مەیدانە بە بەشێک لە کاری خۆی دەزانێت و کەسایەتی یەکانیشی وەک بەشێک لە خۆی چاو لێدەکات، تەنانەت ئەگەر هەڵگری هەر بیروباوەڕو ئایدۆلۆجیایەک بن.

لێرەوەیە کە گۆڤاری (ڕەها) گرنگی تایبەت دەدات بەو ژنانەی کە لەم مەیدانە دا پێشڕەویان نیشان داوە. بە شێوازی جیا جیا هەوڵ دەدات دیالۆک و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دا ساز بدات.

((ڕەها))

پرسیار / ئەمەل ئەم گۆڤارەی ئێمە کەتایبەتەبە مەسائلی ژنان ئەیەوێ چاوپێکەوتنێکت لەگەڵ بکات. وە لەبەر ئەوەی بابەتی گۆڤارەکە خۆی تایبەتە بە مسائلی ژنان و بزوتنەوەی ژنان، چاوپێکەوتنەکەی تۆش هەر لەم بارەیەوە دەبێت و کەمتر دەچینە سەر بابەتە هونەری وگۆرانی یەکەی.

سەرەتای چوونە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و دەست کردنت بە دراسەی مۆسیقاو گۆرانی چ ڕێگرییەک هەبوو لە بەردەمتا، هەڵبەت زۆرێک لەو کچانەی کە لە سەرەتاوە ئەیانەوێ بچنە مەیدانی هونەرییەوە، بە تایبەتی گۆرانی وتن ڕێگری کۆمەلایەتییان دێتە بەردەم هەر لە ڕازی نەبوونی دایک و باوک و خێزان هەتا دەگات بە ڕێگرییەکانی کۆمەڵگا تۆ لەم بارەیەوە ڕێگرییەکانت چی بوون ؟

ئەمەل / سەرەتا بەخێر هاتنتان دەکەم و سوپاستان دەکەم، سەرەتای چوونم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان، هەر لەسەرەتای مقابەلە کردن ئەوە طبیعییە، هەموو کەسی چونکە زۆربەی مجتمعی ئێمە دواکەوتووە نەک کەمی بەڵکو زۆربەی زۆری دواکەوتووە لەو بارانەوە، کە چووم بۆ پەیمانگا ڕێگریم هەبوو هەرلە خێزان و لە کەس وکارم هەرکەسێکیش کە دەچێتە پەیمانگا یان کە دەچێتە سەر مسرح مادەیەک پێش کەش دەکات، لە ڕاستیدا

درۆیە کەسێك بڵێ ڕێگریم نییە و کەس نەبوەو هەموو کەس پاڵ پشتم بووە و لەگەڵما بوون و پاڵنەرە بوون بۆ ئەم مەسەلەیە، لەراستی دا ئەم قسەیە ڕێی تێناچێت من کە چوومەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان مادەکانم کە تسجیلم کردووە، ناڕەزایەتی هەندێك کەس هەبووە ئایا لە کەس وکارم بوو بێت یان لە خێزانم بوو بێت یان لە مجتەمەعەکەم بووبێت ناڕەزایەتی هەبووە، پێ ناخۆش بوون هەبووە، طبعا ئەبێ ئێمە ئەو هەموو کۆت و زنجیرانە بپچڕێنین کە ئافرەتێکین با لە ژێر حوکمی پیاودا ئەبین، هەرچەندە لە مجتمعی ئێمەدا کە ئافرەت شوی کرد ئیتر ئەبێ پێوەندی ئەوامری هاوسەرەکەی بێت، دوای ئەوش کە لە پەیمانگ وەگیرام ڕێگری زۆر زۆرم هەبوو هەتاکو بە تەحەدایەکی زۆرەو ئەم ڕێگریانەم بڕی، هەتا برا گەورەکەم کە ئەو ڕەگەزی پیاویشە بەڵام زۆر یارمەتی دام کە ببم بە قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بخوێنم ئەمەم زۆر پێ خۆش بوو، شەرت نییە هەموو ڕێگرییەك هەر پیاو بێت جاری وا هەیە ڕێگرەکان ژنن.

پرسیار / ئەمەل تۆ وەك ژنێك لەم کۆمەڵگایەدا کە هێشتا ئەفکاری کۆنەپەرستانە لە ئارادایەو کەسیان و ڕەوتی کۆنەپەرستتیش هەن، لەم ڕووە کاتێك ئەچیتە سەر مسرح یا تلفزیۆن گۆرانی دەڵێیت هیچ دوو دڵی و مسن کردنەوەیەکت نییە؟ یان هەست ناکەیت کە تۆو ژنانی گۆرانی بێژی وەك تۆ بەشێکن لە ژنانی ڕزگاری خوازو بزوتنەوەی ژنان؟

ئەمەل / ئێمە کە ئەم ڕێگری و قوناغانەمان بڕیووە هیچ تردیدێکمان نییە، من هیچ ترددم نییە کە ئەچمە سەر مسرح، تەنها ترددمئەوەیە ئایا بەرهەمەکەم سەرکەوتوو بێت، ئایا جمهور بە دڵی بێت؟ بە دڵی نەبێت؟ ترددم لەوەدانییە، خۆشحاڵم لەوەی کە من چەندساڵێکە لە بواری هونەردا کاردەکەم، بەرە بەرە، وە ڕۆژ بە ڕۆژ توانیومە ئەو ئەفکاری دواکەوتوانەیە ئەو بیرە تەسکانە لە ژیانی خۆم دا بسڕمەوە، هەرچەندە هەرڕێگرییەك هەبێ پێشێلم کردوون، خۆشحاڵم گەیشتوومەتە ئەم مستوایە زۆر باشە ڕێیم خۆشە.

پرسیار / بەڕای تۆئەم کارەی ئێوە ژنانی گۆرانی بێژ تاثیری چۆنە لەسەر بردنە پێشەوەی بزوتنەوەی ژنان ولەسەر کۆمەڵگا بە گشتی؟



ئەمەل/طبعا لەسەر مجتمع بە کوللی تاثیری هەیە چۆن نییەتی، ئێستا لە ئێران تەنانەت وای لێهاتووە ئەلێ لە کۆمەڵێك دا بەشەرێك هەمووی ژن بێت، تەك بە پەچەوشتەوە ئەگەر ئاهەنگێك بکەن ئاهەنگێکی غنائی ( گۆرانی) تەنها ژنان دادەنیشن بە دەورییەوە. ئایا لە ئێران تەنانەت وایە، ئەی لە مجتمعی ئێمە دا ئەبێ چۆن بێت. هەڵبەت واضحە مجتمعی ئێمە زۆر متطورترە.

پرسیار / لە گۆرانییەکانتدا ئایا فکرت لەوە نەکردووەتەوە کە گۆرانییەکانت ووشەو تعبیری وای تیا نەبێت کە ئیهانەو سوکایەتی نەبێت بە خودی ژنان؟ هەڵبەت تۆ خۆت دەزانیت کە بەشێك لە گۆرانییە کوردییەکان بەشێکی زۆر لە ووشەو ماناکانی سوکایەتییە بە ژنان یان موقعیەت نزم و پلە دوری ژنان نیشان دەدات لەم بارەیەو هەوڵت داوە ئەو تعبیرانە لە گۆرانییەکانی تۆدا نەبێت و ووشەی ئینسانی و مۆدێرن بهێنیتە پێشەوە؟

ئەمەل/ حەز دەکەم بزانن لە مجتمعی ئێمەدا گۆرانی بێژی کچ زۆرکەمن ئەوەندەی گۆرانی بێژی کور هەیە، گۆرانیبێژی کچ زۆر کەمە، دوای ئەوەش شاعیری کچمان زۆر کەمە ئەگەر هەشبێ لە پەنجەی دەست تێپەر ناکات،

دوان، سیان،... دوای ئەوە کە پێی دەڵێی شعرێك بەسەر پیاودا بۆم دانێ زۆر کەمە، لەم بارەیەوە هەرچی شاعیری کۆنمان هەیە ئەبێ بچە بە دوای شیعرەکانیدا بگەرێم ئایا گۆران بێت، پیرەمێردبێت، شیعرەکانی ئەوانش هەمووی بەسەر جوانی ئافرەت دا هەڵیان داوە، دوای ئەوەش وەصف کردنی جوانی ئافرەت نیهانە نییە بە ئافرەت، مەسەلەکە ئەوەبووە لەو کاتەدا لەو زەمەنەدا هیچ شتێکی راگەیەنراو نەبووە لە بەین دا بۆیە کە ئافرەتێ بەلایان دا رۆیشتووە بەسەر قژە خاوەکەی‌داو شەنگ و شۆخەکەی‌دا هەڵی داوە.

پرسیار / باشە تۆ پێت وانییەکە بەسەر لەنجەو لارو قیافەو هەموو جسمی ژن دا گۆرانی ئەوترێ لەمە ئەو تصوره ناگەیەنێ کە ئافرەت تەنها وەك بووکە شوشەی پیاو سەیر دەکرێت، تەنها سەیری مەسەلەی جنسەکەی دەکرێت؟ باشە بۆ کچێك گۆرانی‌وا بەسەر پیاودا نالێ ؟

ئەمەل/ نابەرای من اعتیادییە کچیشمان هەیە گۆرانی بەسەر پیاودا دەڵێ ئێستا من هەرچی گۆرانییە بەسەر ژن دانییە، تەنها ((گوڵنیشان)) نەبێت، کە ئەویش شیعرەکە فۆلکلۆرە شیعی نالییە ئەویش کۆپلەیەك یان دو کۆپلە بەسەر ئافرەت دایە، زۆر واضحیش دیار نییە کە من گۆرانی یەکەم بەسەر ژن دایە.

پرسیار / کەواتە هەوڵ ئەدەیت گۆرانی‌یەکانت بەسەر کوردا بێت ؟.

ئەمەل / طبعا هەرچی گۆرانی بێژی کچەکانە ئەو مشکلەیەمان هەیە لەبەر ئەوەی شاعیری وامان نییە شیعری بەسەر پیاودا هەبێت و ئێمەش بیکەین بە گۆرانی دوای ئەوەش لە مجتمعی ئێمەدا بڵێت وئەڵێیت زۆر کەس قبول ناکات کچ گۆرانی وا بەسەر پیاودا بڵێت ئایا یا هاوسەروکەشی بێت، تصور ناکرێت بۆ نموونە من بڵێم باڵاکەی بەرزە رەنگە هاوسەرەکەی من بالای بەرز نەبێت، خەڵك تصورێکی تر وەردەگرێت، هەرچەندە هاوسەرەکەی من خۆی خۆشبەختانە بیر تەسك نییە من هەنگار بە هەنگاو لەرۆم ئەو لەگەلمدایە.

پرسیار / باشە تۆهەوڵت نەداوە ئەکەویتە ژێر ئەفکاری دواکەوتوانەوە و فریێ دەیت؟

ئەمەل/ لە ژێر ئەفکاری دواکەوتوانەدا نیم بەلام هەندێ کات لەبەر مجتمع و ئەفکارەکەی ناچار بن هەندێ شت رەچاو بکەین.

پرسیار / ئەمەل تۆ زەواجت کردووە و منالێکت هەیە بێگومان زەواج و بەخێوکردنی منال رێگری زۆر لەبەردەم ژنان دا دروست دەکات تاله مەیدانی جیاجیادا کار بکەن، لەم بارەیەوە چۆن توانیوتە ئەم رێگرییانە حل بکەیت وە هاوسەرەکەت چۆن هاوکاریت دەکات؟

ئەمەل / هاوسەرەکەم دواکەوتوو نییە بیر تەسك نییە لەگەڵ تقالیدی کۆن دا ناپوات دوای ئەوەش من چەند هەنگاوم ناوە ئەو لەگەڵم دابووە، بە راستی ئەو ئەبوایە ئەنەگەیشتمە ئێرەو ئەم حەددە، هەندێ جار خەریکی کارێك دەبم من خۆم سارد دەبمەوە لەو ئیشە، ئەو تشجیعم دەکاتەوە وام لێ دەکات لە ئیشەکەم گەرم و گوربم هەموو جارێ بیرم دەخاتەوە کە خۆم هەم بەلام لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەو چەند یارمەتیم دەدا خۆشم هەوڵ دەدەم ئەگەر لەباری مادی و معنویشەوە یارمەتیم ئەداو پشتگیریم ئەکات، بۆ نموونە بۆ تسجیلاتێك بچم فرقەیەك کە هەمووی پیاوە ٣٠ ، ٤٠ پیاو من لە ستۆدیۆیەکدا بە تەنها گۆرانی بڵێم لە ناو ئەو هەموو پیاوەدا ، وایە لە هەندێ عائلەدا لەوانەیە ئەو بیرە کۆن و تەسکە ئەمابێ بەلام زۆر خۆشە کە هاوسەرەکەت لەگەڵ تایە رێگر نییە لەم کارەدا، راستی‌یەکەی عائلەکەم بیر تەسك نییە ودواکەوتوو نییە، ئەم یەك دوو ساڵەش بۆیە ماددەم نییە کچەکەم منالە وپێویستی بە بە خێوکردن هەیە، وە پێم وایە من یەکێکم لەو کەسانەی کە هاوسەرەکەم بەم شێوەیە یارمەتیم ئەدات.

/ لە کۆتاییدا زۆر زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە وهیواداریین سەرکەوتوو بێت.

/ شایەنی نییە ، بەخێر بێن سەر چاو.

"* ئێمە ئەبێ ئەو هەموو کۆت وزنجیرانە بپچڕین، ئێمە کە ئافرەتین با لە ژێر حوکمی پیاودا نەبین"

"* کە لە پەیمانگا وەرگیرام رێگری زۆر زۆرم هەبوو هەتاوەکو بە تەحەدایەکی زۆردوە ئەم رێگریانەم بڕی".

# کاری نێو ماڵ، کۆیلەتی ژنان

(دەقی سیمینارێکە کە (کەژاڵ حمە رشید) لە ساڵی ١٩٩٦دا لە بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان پێش کەش بە ئەندامانی ڕێکخراوی کردووە.) لێرەدا فراوانتر کراوەتەوە

## * مێژووچەیەکی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگادا.

لە دەورانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا لە کاتێکدا هێشتا مرۆڤ تواناییەکانی عقڵ و فکری نەخستبوە کارو ئاڵوگۆڕ لە چوونە پێشەوەی فکرو داهێناندا پێش نەهاتبوو لەم دەورانەدا بە حوکمی ئەوەی ژن بەرهەم هێنی منداڵ بوو ئامرازی پەرەدان بوو بە ئینسان وەك بونەوەرێك، ژن هەر خۆشی بە خێوکەرو پەروەردەکەرو پارێزەری منداڵ بوو، پیاو هیچ دەورو دەخالەتێکی لەم پەیوەندەدا نەبوو هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نەبوو. بە حوکمی ئەم ئەرکە کە ژنان بەڕێوەیان دەبرد ژنان جێگاورێگایەکی تایبەتی وەردەگرت،وەبوونەسەردار و سەروەر و دەسەلات دار، بەڵام وەختێ گەشەی عەقڵ و بەکار بوونی فکر بەرەو سەروتر دەچێت، پیاوان لەم بێ ئەرکیەدا ڕوو ئەکەنە کێوەکان، کار لە چەشنی ڕاوو کۆکردنەوەی بەرهەمی دارەکان ئەنجام ئەدەن و خۆراکی خۆیان و منداڵەکان پەیدا دەکەن هێزو توانای جسمی دەخەنە کار، ئیتر مەسەلەی نان پەیدا کردن وکار کردن دەکەوێتە ئەستۆی پیاو، لەم نێوەدا کارێك کە بۆ ژنان دەمێنێتەوە تەنها بەرهەمهێنانی منداڵ و بە خێو کردنی منداڵ دەبێ، هەر لێرەشەوە خێزان وماڵ پەیدا دەبێت وەختێك دایك پێویستی بە جێگایەك دەبێ منداڵی تیا بەخێو کات وبارکیش پێویستی بەو جێگایە دەبێت لە کار دەگەڕێتەوە. کاری ماڵیش دەکەوێتە سەر شانی ژنان لەم نێوەدا و لەم ئاڵوگۆڕەدا کە کار کردن ونان پەیدا کردن لە دەستی ژنەوە دەچێتە دەستی پیاووئیتر دەسەلاتیش لە دەستی ژنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ پیاو وبەم شێوەیە پیاو دەبێتە سەردارو سەروەری خێزان،



ئەمە سەرەتایەکی کورتی دابەش کردنی کارە لە کۆمەڵگادا، کە لەم دابەشکردنەدا (بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوماڵ دەدرێت بەژنان، نان پەیدا کردن واتە ئابوری خێزان دەکەوێتە سەرشانی پیاوان و ژن دەبێتە کۆیلەی پیاو).

ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانیش، دەورانی فیئودالی وهەتا دەگات بە ڕژێمی سەرمایەداری ئەم شێوەکار دابەشکردنە دەست پێوە دەگرن ودەیپارێزن، ئەم جێگاورێگا نزمەی ژنان بە ڕەسمی دەناسن، تا ئێستاش بە حوکمی باڵا دەستی ڕژێمی سەرمایە داری لە سەرتاسەری دنیادا ئەم کار دابەشکردنە بەڕێوە دەچێت و ژنانیش هەر کۆیلەو ئەسیری کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵن.

## *بۆچی سەرمایەداری ئەم کار دابەشکردنە ئەپارێزێت؟

سەرمایەداری لەسەر چەوساوەنەی چینی کرێکار وتوێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا دەسەلاتی خۆی دامەزراندوەو خۆی ڕاگرتووە: چەوساندنەوەی ژنان وڕاگرتنیان لەو جێگاو ڕێگا نزمەی کە پێی دراوەلەخزمەتی پایەدار بونی ڕژێمی سەرمایەداریدایە

وژتانیش بەشێکی بنەڕەتی چینی کرێکارن. وەختێک ژنان بە کاری بێبەرهەمی ناوماڵەوە خەریک دەکرێن ئەوا ناڕەزایەتی بەشێک لە چینی کرێکار سەرکوت کراوە وەختێک ژنان ڕازی دەکرێنێ بەوەی کە کاری ناو ماڵ کاری بنەڕەتی ئەوانە، ئیتر ناڕەزایەتی بە دژی بێکاری ژنان ئەم بەشە لەکۆمەڵ ئەم بەشە لە چینی کرێکار نییە، سەرمایەداری سوود لە هەلوو مەرجی ڕوو لە خوارو ئاستی بژێوی کرێکاران وەردەگرێت تا نەتوانن لە هەوڵی خۆ ڕێکخستنەوناڕەزایەتی دەربڕین دابن، هەربۆیە وەختێک ژنان بێکارن، بەرهەم ناهێنن وخاوەنی ئابووری خۆیان نین،ئاستی بژێوی خێزانەکانیش دێتە خوار، بۆیە لەم ڕووەی تریشەوە سەرمایەداری سود مەندەلە ڕاگرتنی ئەم جێگاو ڕێگایەی ژنان.سەرمایەداری کاریناوماڵی وەک کاری ڕەسمی ژنان قبوڵ کردووەو خۆیشی لە بەرپرسیاری بێکاری ژنان دەرباز کردووە هەر بۆیە وەختێک ژنان بێکار دەکرێن کەمترین ناڕەزایەتی بەڕووی ئەمەدا سەرهەڵدەدا. بەلام وختێک پیاوان بێکار ئەبن زۆرترین ناڕەزایەتی بەڕووی دا سەرهەڵ ئەدا. چونکە ئیتر پیاوان سەرچاوەی ئابووری خێزانن، بەم پێیە سەرمایەداری خۆی لەبەرامبەر بەشێک لە ناڕەزایەتی کۆمەڵ لە دژی بێکاری پاراستووە، لە ڕاستیدا کاری نێو ماڵ بەخێوکردنی منالان کاری دەوڵەت یان کۆمەڵگایە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارانە لە کۆمەڵگا دا دەوڵەت پێویستی بە خەرجییەکی زۆر دەبێت بۆ دابین کردنیشیر خۆرگەو دایەنگاو پارێگا وەڵبەتەکانی چاودێری و تەندروستی وفێرکردن وجل شۆرگەو چێشت خانەو ئانەواخانەی گشتی... هتد. چەندین دام ودەزگای ترلە تەراوی گەرەک وناوەندەکانی کارکردندا، تاکاری ناوماڵ وسەرپەرشتی کردنی منالان لە کۆمەڵگادا بەڕێوە ئەچێت، بەلام وەختێک ئەم کارە بەسەر ژناندا ئەسەپێنرێت، ئیتر دەوڵەت تەواوی ئەو خەرجی وداهاتەی کە دەبێ بیخاتە خزمەت ئەو دامەزراوانەوە کە کۆمەڵ پێویستی پێیەتی لە کۆڵ خۆی ئەکاتەوە. سەرمایەداری پێویستی بە هێزی کاری بەردەوامی کرێکارانە بۆبەردەوامی دان بە کەڵەکەی سەرمایەکەی، بۆیە بەردەوامیش پێویستی بە کرێکاری ئامادە بەکار دەبێت، تاوەختێک کرێکارانی لەسەرکار پەکیان ئەکەوێت و توانایان ئامێنێ،جێگایان بە وەچەی نوێی خۆیان پڕ بکرێتەوە بووژوازی بۆ پەک کەوتنیئامێرێکی پێویستی بەخەرجییەک دەبێ چالاکی بکاتەوە،بۆیە وەختێک ژنان منالان پەروەردە ئەکەن، ئەو کاتە سوپایەکیلە کرێکارانیئامادە بەکار، بەرێئەخەن بۆ مەیدانی کاربەخۆرایی،کرێکاران لەمەیدانی کاردا پێویستی یان بە حەوانەوەو ئەرکردنی ماندوویەتیانە تابتوانن بۆ سبەینێ بچنەوەسەرکارەکانیان ئەم کارەش جارێکی تر ڕووی لەژنانە و ژن دەبێ لەخێزاندا خزمەتکاری پیاو بێت وخواردنی بۆ ئامادەبکات وهیلاکی یەکەی ئەرکات وەلام بەپێویستی جنسی بداتەوە تاسبەینێ بچێتەوە سەر کارەکەی، کە لەڕاستیشدا ئەم کارەش جارێکی تر ڕووی لە ژنانەو ژنان دەبێ لە خێزاندا خزمەتکاری پیاوبێ کە لە ڕاستیدا ئەم کارە ئەبێ دەوڵەت ئەنجامی بدات بە دانانی چێشتخانە لە شوێنەکانی کارداو جێگای حەوانەوە ... هتد، بەلام کاتێک ئەم ئەرکانە دراوە بە ژنان لەژێر ناوی کاری ناوماڵدا ئیتر دەوڵەت ئەم خەرجییەشی لەسەر شانی خۆی لابردووە. ئەمانەو لە لایەکی تریش سەرمایەداری زەخیرەیەکی لە لەشکری بێکاری لە ژنانی لەبەر دەست دایە کە هەر کاتێ بیەوێ بە تایبەتی لە قەیرانە ئابوورییەکاندا لە دەورانەکانی جەنگدا کە پیاوان ڕابێچی جەنگەکان دەکرێن. سوود لەم لەشکری بێکاری یە وەردەگرێ بەکەمترین هەقدەست، ژنان بە حوکمی ئەم جێگاوڕێگایەیان سەرکوت کردنیان و سنووردار کردنەوەی ئاستی هوشیاری گشتی یان ناچارن و ڕازی ئەبن بە کەمترین کرێیەک کاربکەن لە هەر کات وساتێکیشدابە ئاسانیبێکاریان دەکاتەوە، وەک باسکرا بێکار کردنی ژنان کەمتر کۆمەڵگا دەوروژێنێ وناڕەزایەتی بە دژی بێکار کردنی ژنان کەم دەبێت.

* ئێستا دەشێجێگای پرسیار بێت بۆچی هەر لەڕژێمی سەرمایەداری دا لەزۆر جێگاو شوێنی دنیادا شیر خۆرگەو دایەنگاو وپڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە ئارادان؟. مەگەر سەرمایەداری ئەمانە بە کاری ژنان سەیر ناکات؟!

بەڵێ سەرمایەداری بەو هەموو بەڵگەو دەلیلانەی لە سەرەوە باسکران سوود لە جێگاو ڕێگای نزمی ژنان

وخوێنـدن و...... لـە تـەواوی مەیدانـەکانی ژیـاندا تواناییـەکانی داهێنانیان بخەنە کار، وەك یەکەیەکی چاکی کۆمەڵگە هەڵسوڕێن، دەبێ ئەم کارە واتە کاری ناوماڵ بەخێو کردنی منالان لەسەر شانی ژنان لاچێت، لە ڕوانگەی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکانەو کۆتایی هێنانی یەکجاری بەم سیستەمە لەسەر ژنان لە کۆتایی هێنـان بە ڕژێمـی سـەرمایەداری و لـە بـەین بردنـی سـوننەتی پیاوسـالاری ودامـەزراندنی کۆمۆنـیزم، سیستەمی سوسیالیستی بەدی دێت. لـەم نێزامـەدا ئەوەی کە پێی دەوترێت کاری ناوماڵ و بەخێو کردنی منال لە کۆمەڵگادا بەڕێوە دەچێت هیچ کات ژن، دایك وبـاوك / خـێزان بەرپرسـیار نـین لـەم کـارە هـەر ئێستانەتوانری هەنگاو هەڵگرین لە ڕاستای کۆمەڵایەتی کردنـەوەی کـاری ناومـاڵدا بـە سـوود وەرگرتـن لـە تەجروبـەی هاوچینـەکانمان هـەر ئێستا لـە وولاتـانی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی دار کـاری ناومـاڵ تـا ڕادەیـەك کۆمەڵایەتییـە دایـەنگاوو شیرخۆرگە و دام ودەزگـای خزمـەت گـوزاری پێویسـت لـە ڕاسـتای کۆمەڵایـەتی کردنەوەی کاری ناوماڵ دا لە ئارادان کە هەموو ئەمانە دەستکەوتی خەباتی چەندین ساڵەی بزوتنەوەی ژنان و چینی کرێکارە.

**• کۆمەڵایەتی کردنەوەی کـاری ناومـاڵ یـانی چی؟**

کۆمەڵایـەتی کردنـەوەی ئـەم کارانـە یـانی دەوڵـەت، کۆمـەڵگا ئـەرکی بـەخێو کردنـی منـالان هـەڵگری، چێشتخانە وجێگـاو شوێنی حەوانـەوەی پێویسـت لـە تەواوی جێگاکانی کارکردن و ژیانی‌خەڵك دا هەبن تاکو ژنان ناچار نەبن خەریکی دروست کردنی خواردن و چی و چی بن....... هەر چۆن کۆمەڵگا مسئولیەتی خوێندن وفێرکردنی منالانی هەڵگرتووە، دایك و باوك و خێزان تەنـها ئـەوەندەیان لـە سـەرە منالـەکانیان بنـێرن بـۆ قەتابخانـەکان هـەر ئـاواش وەختێـك کرێکـاران لـە کارگەیەکدا کار ئەکەن دەبێ دەوڵەت چێشتخانەو جێگاو شوێنی حەوانەوەیان دابین بکات، بەم شێوەیە کۆمەڵگا پێویستی بە دەیان و سەدان دامەزراوەی گشتی دەبێت تا ئەم کارە لەسەر شانی ژنان و خێزانەکان لاچێت.

**" ژنان دەبێ خاوەنی ئـابوری سـەربەخۆی خۆیان بن:**

ئێستا دەشێ ئەمە پرسیار بێت بە تایبـەتی لـە کۆمـەڵگا دواکـەوتووکان دا ئایا وەختێك دەوڵـەت ئـەم کارانە دەخاتە ئەستۆی خـۆی، ئـەی ژنـان چ کـارێك دەکەن؟

وەختێك ئەم کـارە لەسـەر شـانی ژنـان لادەچێـت لـە کـاتێکدا کـە ژنـان لـە تـەواوی پاشـکۆیەتی پیـاوان وسیستەمی خێزان و پیاو سالاری ڕزگاریان بێت، ژنان وەك یەکەیـەکی چـالاکی کۆمـەڵ بەشـدار بـن لـە مەیدانەکانی بەرهەم هێنان و بەڕێوەبردنی کۆمـەڵگادا، ژنان دەبێ خاوەنی ئـابوری سەربەخۆی خۆیان بـن، وەختێك ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە پیاوان دەبەستن، ناچاریش دەبن لـە ژێـر سـایەی هاوسـەرو خێزانەکاندا گوێ ڕایەڵ هەر فەرمان و ئەرکێکی ئەوان بن، بە مانایەکی تر چەوساوەو ژێر دەستەی ئەوان بن، بۆیە " ژنان دەبێ خاوەنی ئابووری سەربەخۆیی خۆیان بن" خـاڵێکی سـەرەکی‌یە لـە ڕاسـتای کۆمەڵایـەتی کردنەوەی کاری نێـو مـاڵ و ، ڕزگـار بوونـی ژنـان لـەم ئەرکە.

**" ئەرکی بزوتنەوەی ژنان لەم پێناوەدا.**

ئێستا لە کوردستاندا بزووتنەوەی ڕزگـاری خـوازی ژنان ، ڕێکخراوەکانی ژنان دەبێ لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵگرێ، لە هەوڵی کردنەوەی دایەنگاو شیر خۆرگەدا بن لە تـەواوی کارگـەکان و دائیرەکـان و، لـە گەڕەکەکاندا، نانەواخانـەی گشـتی و چێشـتخانەکان لـە هـەموو جێگایەك هەبن تا ژنان ناچار نەبن لە خێزان و ماڵەکان دا بـەم کارانـەوە خـەریك بـن پـارك و یارییگـا و مەڵبەندەکانی چاودێری و تەندروستی بکرێنـەوە، بۆ دابین کردنی ئەم پێداویستی‌یە خزمەتگوزاری‌یانە فشار بخرێتـە سـەر دەسـەڵات داران تـا بودجـەی پێویسـت تەرخان بکرێت بۆ ئەم کارە. لە لایەکی تریش کار کردنی ژنان بە ڕەسمی بناسرێت، ژنانی بێکار بخرێنە سەر کار و تەواوی حەق و حقوقی یاسایی لە مەیدانەکانی کاردا بۆ ژنان بە ڕەسمی سەیر بکرێت و یاساکان بە قازانجی ژنـان ئـاڵوگۆڕی تیـا بکرێـت، بێکـاری ژنـان هـەروەك بێکاری پیاوان سەیر کرێت و حسابی لەسەر بکرێ.

# ڕیپۆرتاژێك لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی (سلێمانی)
# سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی کوڕان وکچانی پەیمانگا

ئـا: سارا

سەبارەت بە کێشەو گرفت و ڕێگرییەکانی قوتابیان لە پەیمانگاو زانکۆکان دا ڕوومان کردە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وچاومان بە چەند قوتابییەک کەوت بە شێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە ڕێگرییەکانی بەردەم هەڵس و کەوتی ئازادانەیان وسەبارەت بە تداخل کردن لە مەسەلە زۆر شخصیەکانیان دا بەم شێوەیە قسەیان کرد:

**• ناوم سەلامە لە پۆلی پێنجەمی بەشی مۆسیقام ئەمساڵ تخرج دەکەم.**

( * ئەم پەیمانگایە ناوەندێکی گرنگی حضاری وهونەرییە کوڕو کچ زۆر زیاتر لە یەك نزیك دەبنەوەو پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوانتان دروست دەبێت. لەم مامەڵەیەی نێوەو لەم نزیك بونەوەیەتان دا مشکلات وڕێگرتان چییە؟..)

سەلام/ بەڵێ بێ گومان ئەگەر باسی مشاکلی قوتابییان لێرە بکەین، ڕاستە تعامل هەیە لێرە لەنێوان کوڕو کچ دا بەڵام تعاملی قسە کردن هەیە وبەس. لە زۆر ڕووەوە بەربەست و جیاوازی هەیە ئێمە ئەبێ سەیری ئەوەش بکەین کە ئەم معهدە لە ناو کۆمەڵگا یەکە ئەویش کۆمەڵگای کوڕەوارییە مەبەستم ئەوەیە دوور نییە لەو عادات و تقالیدەی کە لە دەرەوە هەیە بۆ نموونە کوڕێك کە لە ماڵی باوکی دێتە دەرەوە بە هەمان عادات و تقالیدی ماڵی باوکی هاتووەتە دەرەوە بۆ ئێرە، کچیش بەهەمان شێوە. نموونەتان پێ بڵێم کچانی واهەیە لە ساحەکەدا ناتوانن دوو جار لەگەڵ کوڕێك داپیاسە بکەن بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەڵێن علاقەیان هەیە کە یەکسەر بڵێن علاقەیان هەیە ئینجا شتێك هەیە لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەگەر کوڕێك لە کچێك نزیك کەوێتەوە چاری لەچێتە سەر دەبێتە جێگای باس کردن.

( * ئەمە عامی خەڵك وایەو لە ناو پەیمانگاشدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام دەوری ئیدارە چییە لەم مەسەلەیە دا، مامۆستا وئیدارەی پەیمانگا دەڵێن چی ئەوانیش هەر قسەیان لەسەر دەکەن یان دەڵێن علاقەی کوڕو کچ طبیعی یە؟ )

"سەلام" لێرە هەمان ڕەقابەی ماڵەوە هەیە لەسەر قوتابیان، هەمان باوك کە لەماڵەوە هەیە لێرەش هەمان باوك هەیە بەڵام ئەم جارە ئەم باوکە کۆمەڵێك مافی زیاتری لەدەست دایە

سەلام/ ئەتوانم بڵێم مامۆستاکانیش هەندێ جار هەمان ڕەقابەیماڵەوەیان خستوەتە سەر قوتابیەیان هەمان پارك لە ماڵەوە هەیە لێرەش هەمان پارك هەیە، بەڵام ئەوەیە ئەم پارکەیان ئەمجارە یان کۆمەڵێك ماقی زیاتری لە دەست دایە، بۆنموونە کوڕ وکچ ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان تا درەنگ بمێننەوە تا ئێوارە، چەندەها جار عمید یان مامۆستا لێی دەپرسنەوە بۆ درەنگ گەڕانەوە، یانی ئەو بیر لە هیچ شتێك ناکاتەوە پێش هەموو شتێ بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئێوە دوو ڕەگی جیاوازن دوو جنسی لە یەك جیاوازن خەتەرە موشکیلەیە نابێ تا درەنگ بە یەکەوە بن یانی مەبەستم ئەوەیە ڕەقابە هەیە.

**• شیلان معروف لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیقا**

دوا قۆناغم و ئەمساڵ تخرج دەکەم، سەبارەت بەو کارانەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە وەکو میکیاج باس کەین، ئەگەر مکیاجی قوتابیان مکیاجێکی سادەبێت قبوڵی دەکەن بەڵام لەسەر جل وبەرگ ئەڵێن ئەبێ قوتابی یان جلی (زی موحد) لەبەر کەن من بە رای خۆم (زی موحد) جلێکی جوانە، وەکو بەشی مۆسیقاکارەکانمان هاوبەشە جماعی یەك جلەکانیان هاوبەش بێت جوانە. من راباشە لام.

**( * باشە ئەمە ئەتوانرێ فەرز بکرێت حتما هەر قوتابیەیە جلێکی پێ خۆشە حەزی لە مۆدێلێك دەبێ زەوق وسەلیقەی هەر کەسێ جیایە لە جل لەبەر کردندا.؟..)**

زی موحد جوانە بەڵام بە مەرجێك ئەوە دابین بکرێت بۆقوتابی یان و تنوع لە جلەکاندا هەبێت بۆنموونە چاکەتەکەی سوور بێت ئەوانی تریش ڕەش ، جلەکان هاوبەش بێت. کە هاتینە ناو پەیمانگا هەر کەس بێ ئەوەی پرسیار بکات بزانێت کە تۆقوتابی پۆلی چوارەمی، ( * بە هەر حاڵ ئەمە رای تۆیە بەڵام رەنگە رای گشتی وزۆربەی قوتابیەکان نەبێت، لەبەر ئەوەی هەرکەسێکیش رەغبەتێکی هەیە لە جل وبەرگ پۆشین دا هەر کەسە سەلیقەی و زەوقێکی هەیە نابێ رێگە بگیرێ لە زەوق و ئارەزووی قوتابیەیان).

**( * باشە زۆر جار هەبوە قوتابیەیان لەسەر ئەوەی التزامی نەکردووە بە جلی زەی موحدەوە نەیتوانیوە زی موحد لەبەر کات محاسبە کراوەو لەسەر مکیاج کردن محاسەبە کراوە تۆرات چیە لەسەر ئەوە پێت ناخۆش نیە قوتابی لەسەر ئەم شتە شخصیانە محاسەبە بکرێ، لە کاتێکدا قوتابیەکە گەورەیە، خۆی لەمەرحەلەیەکی حساس دایە توقعی لەخۆی هەیە ببێت بە هونەرمەند ناخۆش نیە بەم شێوەیە محاسبە بکرێ.؟..)**



شیلان / طبعا زۆر ناخۆشە ئەگەر کچ بێت یان کوڕ گەورەیە تەمەنێکی گەورەیە بانگ بکرێت بۆئیدارە لەسەر ئەوەی مکیاجەکەی طۆخە یان پێی ئەڵێن جلەکانت باش نیە وپێی بڵێ بڕۆرەوە خۆت بگۆرە ئەوسا وەرە بۆدەوام زۆر جار قوتابی بانگ کراوە بۆ ئیدارە لەسەر ئەوەی مکیاجەکەی طۆخە یان جلەکەی، ئەوان دەڵێن ئەبێ مکیاج کاڵ بێت.

**( * باشە شیلان موزوعێکی تر لەسەر علاقاتی عاطفی نێو پەیمانگا دیارە نێوە کچ و کوڕێکی زۆرن لێرەو مەلبەندێکی هونەرییەو لە تەمەنێك دان تازە گەشە دەکەن بێگومان علاقاتی عاطفی زۆر پێکدێت لێرەدا، ڕێگری**

**"شیلان" تا ئێستا چەندەها قوتابی بانگ کراوە بۆ ئیدارە موحاسەبە کراوە لەسەر ئەوەی کە عیلاقەی هەبووە وە ئیجباریش کراون کە واز لە عیلاقەکەیان بهێنن**

وشکلەکانی بەردەم ئەم علاقانە چۆنە ئیدارە تداخل دەکـات مشکلاتیان چی‌یە .؟...)

شیلان/ طبعا ئیدارە زۆر تداخل دەکات " تا ئێستا چەندەها قوتابی بانگ کراوە بۆ ئیدارە و محاسبە کراوە لەسەر ئەوەی کە علاقەیان هەبووە، وە اجباریش کراون واز بێنن لە علاقەکەیان" . وە ئەگەر علاقەکەشیان هەر دەبیٚ نابیٚ لە ناو معهدا بێت ئەبیٚ لە دەرەوە بێت لە ناو پەیمانگا نابێت بەیەکەوە دانیشن. ئەم علاقانەش کە یەکسەر دروست دەبیٚ دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە کوڕو کچ لە مرحلەی سەرەتایی دا بە یەکەوە نابن هەتا ئەگاتە کاتی پەیمانگا کوڕ و کچ مامەلەیان بە یەکەوە نی‌یە بۆیە هەر بە زوویی علاقە دادەنێنن هۆیەکەی ئەوەیە کە کوڕوکچ نابیٚ بەیەکەوە دانیشن لە مرحلەی سەرەتاییدا. من ئێستا تطبیقاتم هەیە لەپۆلی پێنجەمم محاوەلە دەکەم کوڕو کچ پێکەوە دانیشن زۆر جار قوتابی یە کچەکە ناچێتە لای کوڕەکەوە، دەڵێم بۆناچی ئەڵێ نانابێت لای کوڕەوە دانیشم فێر کر اوم کە ئەبیٚ کچ لای کچەوە ،کوڕیش لای کوڕەوە ، لەبەرئەوە وەختێك کە دێتە ئێرە پەیمانگا تەمەنی مراهقە سەیردەکات کوڕو کچ تێکەڵە ضجەیە بەلایەوە. بە راستی ئەگەر ئەو قوتابی‌یە خۆی ئینسانێکی مسیطر نەبیٚ تووشی زۆر هەڵە دەبێت. یان ناتوانی چۆن لەگەڵ کوردا معاملە بکات چونکە لە منالیەوە فێر کراوە دژی کوڕبێت . کە دێتە پەیمانگاش هەست بە حریاتێك دەکات ونازانێت چۆن تصرف بکات لەم جەوەدا. لەبەرئەوە شتێکی زۆر هەڵەیەئەگەر بکرایە هەر لەمنالیی‌یەوە لە پۆلەکانی سەرەتایی‌یەوەتێکەڵاو بکرانایەو ئەوجیاوازی‌یە نەمایە ودروست نەکرایە. من شانازی‌بەوەوە دەکەم ئەو قوتابیانەی لە ماوەی تطبیق دا دەرسم پێ ووتون توانیومە وایان لیٚ بکەم ناسایی بێت کوڕو کچ تێکەڵاو بـــن و بەیەکـــەوە بن.

*دەســـت خـــۆش

( * باشـــە گـــــۆران تۆخـــۆت دەبینی ئادارە زۆر کـــەمتر شیلان ) . دەستی ئێوەش خۆش.

**پاشان لە دانیشتنێکدا چاومان کەوت بە گۆران و بێحال**

*** ناوم گۆران محمد صدیقە لە پۆلی پێنجەمی پەیمانگا بەشی شێوەکاری**

**( * گۆران تۆ وەك باس دەکەیت لە پۆلی پێنجەمی واتە پێنج ساڵە لەم پەیمانگایەیت بەم پێیە دەبیٚ شارەزابیت لە وەزع وەشاکلی نێو پەیمانگا. بە تایبەتی ئەوەی کە زۆر دیار بێت علاقاتی کوڕو کچە لەبەرئەوەی مەڵبەندێکە کوڕو کچی کۆکردۆتەوە. مەڵبەندێکە کوڕو کچ تێکەڵاوە گەنج و لاوان بەنیازن لە سبەینیٚ دا هونەرمەندو داهێنەروشتی لەبەو بابەتەیان لیٚ دەربچێت، لەم هەل ومەرجەدا هەڵبەت مشاکل و ڕێگری هەیە بە تایبەتی لەبەردەم کچەکان دا تۆ لەسەرئەو مشکلانە ئەو ڕێگریانە دەڵێی چی.؟ ڕێگری‌یەکان چی‌یە یان کچان چۆن توانیویانە ئەو ڕێگری‌یانە تیٚ پەڕێنن؟...)**

گۆران / زۆر سوپاس، بەرای من کاتیٚ کچ وکوڕ استمارە تقدیمی پەیمانگا دەکات،هدەفی سەرەکی هونەرە، لای زۆربەی ٩٠٪ یەهدفی هونەرە، بەلام هەندێکیشی هەیە بە هدفی تر دێن وەکو شهادە، هدفیان تەنها شهادەیەکی بسیطە، بەلام بە نسبەت کچانەوە کۆمەڵێك مشاکل هەیە بۆ نموونە زەواج دەکەن ئیتر لە هونەر دووردەکەونەوە، یان هەندێکی کەمیان تفرغ دەکەن بۆ هونەر، یان ئەوەتا لە لادێیەکی دووردا تعین دەبن دەرس دەڵێنەوە. بەلام بە ڕای من کاتیٚ کە قوتابی‌یەك کە تخرج دەکات حەق نی‌یە دوور خرێتەوە رەنگە ئەو قوتابی‌یە خۆی لە خێزانیکی‌باوك سالاری بێت بێت کە دەچێتە لادێیەکیش ئەوەندەی تریش ئەوفکرەیە زاڵدەبێت ناتوانێت ئازادبێت ئەمانە مشاکلن لەبەر دەم قوتابی‌یە کچەکاندا.

> "گۆران" ئەبیٚ هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە نارەزایەتی بەرز بکاتـــەوە، شتەکە لێرەوە دەبێت ئەبیٚ لێرەوە کۆمەڵێك عادات و تەقالیدی کـــۆن هەیە نەیهێڵین

تداخل لـه شتی شخصی کورەکـانـدا دەکـات. لـه علاقـات رەفاقەت، چۆن جل و بـەرگ لەبەردەکـەن، کـە ئەمانـه شتی شخصی قوتابیانه. بەلام بۆ کچەکان بە چەندەها جۆر تداخل هەیە چەندجار بیستومانه کە بـه چەندین شێوە تداخل لـه مسائلی کچـان دەکـەن جانتاکانیـان گـەڕاون بـۆ میـاج، مکیاجەکانیان لێسەندراوە، یان لەسەر جل وبەرگ محاسـەیه کراون کراونەتـه دەرەوە ئێوە ئەمـه هەست پێدەکـەن چـۆن قسەی لەسـەر ناکـەن یـان دیفـاع لـەو کچانەی هاورێتان ناکەن کە ئـەوان هـاورێ ی ئێـوەن بـه یەکـەوە دەخوێنـن . ئـەو مەسەلەیە چۆنە.؟.).

گـۆران / ئـەوە شـتێکی جوانـه بۆچونێکی جوانه. له کۆمەڵدا هەریەکه به شێوەیەک جیا دەبێتەوە. پێویسته لە یـەک جیـا بکرێتـەوە وەکـو شتێکی رەمزی، بەلام وەکـو کچـان قەیچێکـه حـوری خۆیـانن ، هـەتا زۆر جـار لـه کۆڕی پەیمانگادا، باسکراوە کـە کچان دەبێ بە جلێکی جوانەوە نیزامییەوە بێن بۆپەیمانگا. دوای پـەیمانگا چـی لەبـەر دەکـەن نـارەزووی خۆیانـه، مـن لەگـەڵ ئـەوەدام بـەلام تفتیشـاتی جانتـا و گـەڕان ئـەوە شتێکی جوان نییە، لەوانەیە کۆمەڵێ شتی کە هـەبێ خۆش نییە کەسی بزانێ چیت هەیە و چیت پێیە، ئەمـه شتێکی جوان نییە.

( * جلی نیزامی جلیجوان چییـه هـەرکەسه کـه جلێکـی پەدڵ بوو بە لای خۆیەوە جوانه ئیتر بۆتداخل لە جل و بـەرگ وسەلیقە و زەوقی هەرکەسێک دا بکرێـت. ئـەبێ ئاشرین چـی بێـــت قوتـــابی پەیمانگا و بە تایبەتی قوتـــابی فنـــون زەوقێکـــی

'بێخاڵ" زۆر کات مامۆستاکان بە قوتابی دەڵێن لەگەڵ کوڕەکـــان دا زۆر مەگەڕێن لە سوچەکان دا دامەنیشن قوتابی لەسەر ئەمـە زۆر تـەریق کراوەتەوەو شکێنراوە لەبەردەم هاوڕێکانی‌دا ئەمە کاردەکاتـە سـەر قوتابی تەنانەت لەسەر دواخستنی هونەرەکەشی.

تایبەتی هەیە ، کە هیچی جلێکی والەبەر ناکـات کـه لەگـەڵ عقلی حضاریمجتمعدا نەیەتەوە وجوان نەبێت ؟ . )

گـۆران / زۆر راسـته .ئەمـه زۆر کـات مامۆسـتاکان قوتابییەکانی کۆکردۆتـەوە بۆ مەسائلی ئاڵتون و مکیاج وجلـو بـەرگ، یەکـەم لـه دەرەوەی معـهد کۆمـەڵێك توجیهاتیان بۆ دەچێ: چەندین چاویان لەسـەرە ( * قسەکه چییه من ئەڵێم کچ چۆن مکیـاج دەکات هـەق نییـه هیـچ کەسـتداخل بکـات هـەر لـەخێزان هەرلـەئیدارە: هەرلـه مجتمـع چۆن کوڕێـك سمێڵـی ئەتاشـێ کـەس تداخل ناکـات و کـەس هـەقی نییـه و بۆیان نییه کەڕەنگه مامۆستایەك هەبێ لایجوانتـەبێ قوتابییەکـەی سمێڵـی تاشیوە بەلام بۆی نییە تداخل بکات و هـەرگیز ئـەمان بیستووه لەسەر ئـەوە مامۆستا یان ئیدارەی مکتـەب تداخل بکات لەمەدا، بـەلام بـو کچان وانییـه تداخـل لــه هەمووشـتێکی دەکـرێ، مکیاجەکەی تۆخ بێت قسە دەکرێ،...

گـۆران / مـن ئـەوە بـە مشـکله نـازانم مەسـەلەی مکیاج رنـاڵتون و جلوبـەرک، وای لێ هاتووە شتەکە تایدی یاسا دەکەن.

( * قسەکه ئەوەیە ئێوە نـابێ ئـەم تداخله لـه مسـائلی شخصیتان قبوڵ کەن، وە ئێوەش لایەنگری هاورێکانتان بکەن کە تداخل لە شتی شخصیان دا نەکەن. )

گۆران / ئـەوە شتێکه ئـەبێ هەرکەسـی لـه ئاسـتی خۆیـەوە . هەرکـەس نارەزایـەتی بـەرز کاتـەوە مـن نارەزایـەتی یـەك فـلان نارەزایـەتی و ئـەو نارەزایـەتی شـــتەکە لـــێرەوە دەبێـــت، ئـــەبێ لـــێرەوە کۆمـــەڵێك عـــادات



وتقالیدی‌کۆن هەیە ئەی هێڵین (* ئەبێ‌ئێوە بەشێك بن لەوپێشڕەوی‌یە )من لای خۆمەوە دەست پێ دەکەم.

بێخاڵ / من لەسەر ئەوەی‌کە دەڵێن ئەبێ شتی جوان لەبەر بکەن،یەعنی نەك مەبەست ئەوەبێ جوان بێ، یەعنی ئەوەی کە بۆ ئێمە بگونجێ زی موحدبێ بەرای من وانی‌یە زۆر جار مامۆستاکان کەقوتابی ستریَج یان پـانتۆڵ لەبـەر دەکات ئەڵێ‌تـەنورە کورتەکـە لەبـەر کەباشـتره، ئەگەرمەسـەلە ئـەوەبێ‌قوتابی وامەیـە ئەڵێ‌مامۆستا شـانتۆڵ باشـترە لـە تـەنورە مامۆسـتا کەدەڵێ نا تەنورە کە لە بەرکە، مەسەلەکەئەوەیە تـازە تەنورەی کورت عادی بوەتەوە تا پـانتۆڵی تەسك یـان شـانتۆڵ ونـەر مۆدیلاتـە تازانـە. مـن ئـەوە دەڵێـم مامۆستاکان بەم شێوەیە ناتوانن راست بن، ئەوان نەڵێن نابێ‌پانتۆڵی تەسکلەبەر کری.

گۆران /ئێستا ئێمـە بمانـەوێ و نەمانـەوێ یاسـایەو داتراوە هەرکەسـە وبـە جلێکـەوە دکتۆرێـك نـاتوانێ بـە جلی‌کوردی‌یـــەوە بچێتــــە خەســـتەخانە، جلی‌عەسکەری و.........

(* قسەکە ئەوەیە یاسا نابێت بۆ جل و بەرگ هەبێت.؟..).

بێخاڵ/ مامۆستاکانی ئێمە بەشێکی لەسەرزی موحد نی‌یە کەقسە دەکەن بەشێکی‌لەسەر ئەوەیە دەڵێن پانتۆڵ بۆ کچ عەیبە. یان ستریَج عەیبە،ئەگینا بۆ تەنورە قسە ناکەن. *(ناخر تەنورە عادی بوەتەوە لە مجتمعدا بۆیە ناتوانن قسە بکەن بەلام تداخل دەکەن لە جلێکی مۆدێل تازە).

گۆران / بەلام بەشێوەیەکی گشتی دنیا فەرقی کردووە جل وبـەرگ ومۆدێـلات عادی‌بودتـەوە، لەسـلێمانی بـە تایبەتی بەلام لە نارچەکانی تر هێشتا وانی‌یە، بەنموونە لە هـەولێر وانی نی‌یە زۆر کـەم ئـافرەت دەتوانن بە ئـارەزووی خۆی جل لەبەر کات. (*مەسەلەکە بەوە بەستراوە کەچەند خەڵك لەسەرئەم خواستەی خۆیان بێنە قسە، ئێستا لە معهدی فنون ئەوەتا زۆربەتان دەڵێن نابێ ئیدارە تداخل لە جل وبـەرگی کچـاندا بکـات جـا بەمـە لـە هـەولێر ولەهەرجێگایەکی تر ئەم تداخل کرنە دەبڕێتەوە).

بێخـاڵ / یـەك شـت هەیـە لەمجتەمـەعی ئێمـە دا، کەشتێك ووترا عەیبە، هەڵبـەت کۆنە پەرستان دەڵێن عەیبە ئەگـەر زۆر رێك وپێکیش بێت خەڵك ئەبێ بە حەزەرەوە لە بەری کـەن کەدەچێتە دەرەوە زۆرت پێ عەیبە،چونکە چەندەها چارت لەسەرە کە دەڵێن ئەم جلە عەیبە.

گۆران/ بە رای من نابێ من شتێ خۆم پێم باش بێت حەزم لێ بێت ئـەوەندە گـوێ لەقسـەی خـەڵك نـەکرم، ئەوەندەبەقسەی خەڵك نەکەم، خەریکی خۆم بم، با خەڵك هەر بۆخۆی بڵێ. بێخاڵ: دەست خۆش بێت.

(* بەهەر حاڵ با لەسەر باسێکی تری ئێرە قسە بکەین، لێرە بە حوکمی ئـەوەی مەڵبـەندێکی هونەری‌یـە کوڕوکچ تێکەڵاون، تەمەنێکی مثالی و گە نجی و لاوی‌یـە، بێگومان علاقاتێکی عاطفی، فراوان هەیە جا ئـەم وەزعەی مجتمع چ تـأسیرێکی هەیـە لەسـەر ئـەم علاقاتـە ، کـە ئیدارەکەشی هێشتا بە پـێی عقلی مجتمـع دەجوڵێتـەوە، تـأثیری تـەواوی ئەوانە لەسەر ئەوکچ وکورانـەی علاقـەی عاطفی یان هەیە چۆنـەو دەبنـە رێگـر لـە بـەردەم ئـەم علاقانەدا.؟..).

بێخاڵ/ خۆی ئەو قوتابیانـەی کە دێن بۆ ئێرە بۆ هونەرەکە دێن بەلام کە دێن بۆ ئێرەش علاقات دروست دەبێ: خۆشەویستی دروست دەبێ ئەمە بەبێ ئـەوەی بڵێی هونەرەکە دوا دەکەوێت.

"سۆلاف" ئەوان وا ئەزانن هـەموو دنیـا بریتی‌یـە لـەوەی کـوڕو کـچ بەیەکەوەن ئیتر تەواو ڕێگەی عاتفی یان شتی تریان گرتۆتە بەر، ئەگـەر عاتفیش بێت چ پێویست دەکات ڕێگری هەبێت ئەگەر خۆیـان یـەکتریان هەڵبژارد بێت

گـۆران / بـە رای مـن مەسەلەی خۆشـەوی سـتی وانی یـە

هونەر دوا بخات، خۆشەویستی داهێنان زۆر دەهێنێتە ئاراوە، خۆشەویستی بووەتە هۆی دروست کردنی ابداعاتی زۆر لە هونەردا زیاتر تشجیع دەبیت ( * وایە وەختێک ئینسان احساسی دەبێت عاطفەی دەبێت احساسی بە هونەرەکەی بە مەسائلی تری مجتمع زیاتر دەبێتلەم احساسە زیندووەی لە هونەرەکەی دا ڕەنگ دەداتەوە).

بێخاڵ/ بەرای من مامۆستا کانمان ڕێگری ئەوە دادەنێن،ئەودوو قوتابیەی علاقە یان هەبێ نابێ بەیەکەوە دانیشن، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکی تریشت دانیشیت بەرچاوە سەیرت دەکەن (* کەواتە ڕێگری هەیە لەسەرعلاقەی کوڕو کچێک علاقەی خۆشەویستی یان هەبێت نابێ بەیەکەوە دانیشن،ئەمانە ڕێگرین لەبەردەم عاطفەی قوتابیاندا).

گۆران / من خۆم تا ئێستا توشی مشکیلەیەکی لەوبابەتە نەبووم.

بێخاڵ/ ئاخر قەت بەئیستراحەتی خۆت دانەنیشتووی قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بکەی. (تحفض کراوە).

گۆران / ئاخر من توانیومە سنورێك بۆخۆم دابنێم.

**( * ئاخر قسەکە ئەوەیە بۆچی هەر قوتابیەك کە علاقەی خۆشەویستی هەبوو تووشی ئەم تحفضە بێت بۆیە ئازادی خۆی نەتوانێ بەیەکەوە دانیشن؟...)**

گۆران / من بەو تحفظە مرتاح ترم (* بەپێی عادات وتقالیدی مجتمعەکە دەڵێی مرتاحم ئەگینا بۆ حەز ناکەی هەموو کاتێك لەگەڵ هاوڕێکەت دا بەاستراحەت ودوور لە هەر مراقبە و تحفضیك دانیشن قسەبکەن بەیەکەوە؟ حەز ناکەی کەس ڕێگر نەبێ؟).

گۆران / من زۆرجار کە مامۆستا یەك بینیومی لەگەڵ هاوڕێکەم لە شەرمانە ئەم هێشتووە بم بینێ (* ئاخر ضغتیکە و تصورێکە ئەم شەرمەی لادروست کردوویت ئەگینا هیچ کەس حەز ناکات بە هۆی شەرمەوە نەتوانێ لەگەڵ هاوڕێکەیدا دابنیشێت. بێخاڵ تۆ دەڵێی چی؟.

بێخاڵ/ ئێمە هەتا گەیشتوینەتە ئەو ڕادەیەی بە جیا کۆبونەوەمان پێکراو. کچ بە جیا کۆبونەوەی پێ کراوە کوڕیش بەجیا، لەسەر ئەوەی لەگەڵ کوڕەکاندا قسە نەکەن قوتابی لە ساحەدا تەریق کراوەتەوە لەسەر ئەوەی نابێ لەگەڵ ئەو کوڕەدا بگەڕێت. ئەو شتانە زۆر کار دەکاتە سەرقوتابی نەك هەر لەسەر خۆی بەڵکو کار دەکاتە سەر هونەرەکەش.ئەم زەختە هەر لەسەر خۆی بەڵکو کار دەکاتە سەر هونەرەکەشی، ئەم زەختە زۆرە لەسەر قوتابی.

گۆران / هەندێ کات ئەوان لەسەر ئەوە قسەئەکەن ئەڵێن ئێرە کاتی دەوام وخوێندن ونیش کردنە ماوەکە کەمە بۆ خوێندنەکە بۆیە دەڵێن لە کاتی تردا بچن قسە بکەن. ( * بەلامەسەلەکەئەوەیە کچ وکوڕ هیچ مجالێکی تریان نیە لە دەرەوە بە یەکەوە بن، نە کافتریا وجێگاو شوێنی تایبەت بە پێی پێویست هەیە، لە لایەکی تریش ڕێگری اجتماعیان زۆرە، بۆیە قوتابی یان فرصەت دەهێنن لەکاتی دەوامی زانکۆ ومعهدەکان دا علاقەیان هەبێ وقسە بکەن بەیەکەوە. بەلام لێرەش بە چەندین بیانووی تررێگر یان بۆدروست دەبێتەوە، بەشێك لە کچەکان ڕەنگە هەر ڕێگەیان پێ نەدەن غەیری دەوامی پەیمانگا بچنە دەرەوە).

بێخاڵ /جارێکی تر لەسەر ڕێگرییەکانی مامۆستا: زۆر کات قوتابی شکێنراوە لەبەر دەم زۆربەی قوتابیەکان تردا لەبەر ئەوەی علاقەی هەبووە. لەسەر ئەو قسانە ی تۆش گۆران کەدەڵێی ئەبێ خۆمان هەوڵ بدەین چاکی کەین، وایە ئەبێ هەوڵ بدەین بەلام لە پەیمانگا ئێمە مشکیلەمان چیە، مامۆستاکانە، ئیدارەیە، ( گۆران ، باشە وا معهد تەواو بوو)( بێخاڵ: کەسی تر هەیە لە خێزان، گەورەت هەیە، یەك شت هەیە ئەگەر تۆ باش بیت من باش بم شتەکە دەگۆڕێ تۆ اعتیادیە لات خوشکەکەت علاقەی هەبێ؟ ( گۆران طبعا ) بۆ منیش ئەبێ وابێ بۆ خوشکەکەم ئەمانە وردە وردە دەبێتە عادەتێك و مجتمع دەگۆڕێ.

**سۆلاف/ لە بەشی ئەحتم لە پۆلی پێنجەم.**

**( * مشکلەت چیبوو سەرەتا کە هاتیتە پەیمانگای هونەری جوانەکان ورنگریت نەبوو ، بێگومان کچ ناتوانێ خۆی**

یەکسەر بڕیار بدات و بڵێ دەچمە مەیدانی هونەرەوە دەخوێنم ، پێش هەر شتێ ئەبێ پرسیار بکات و ماڵ وخێزانەکەی ڕازی بکات تۆ ڕێگرییەکانت چیبوون.؟..).

سۆلاڤ / سەرەتا سوکە ڕێگرییەك هەبوو لە ماڵەوە، ئەوانیش خۆیان نەبوون بە پێی قسەی مجتمع وایان دەوت، یەعنی سوکە ڕێگرییەك هەیە ، ( * ئەی چۆن دواتر ئەو ڕێگریانە نەما ) دوایی بە هەوڵی خۆم،حەزم لە معهدەکە دەکرد وئەوانیشم ڕازی کرد، ڕێگرییەکەش زۆر نەبوو بەو شێوەیە خۆشم سوور بووم لە سەری .

( * ئەی لە پەیمانگا مشکلەکانت چی بوو ڕوو بەڕووی چی بویتەوە.؟..) .

بەڵێ وایە ڕێگری لێرەش هەر هەیە ،کچ و کوڕ بە یەکەوە دەوەستن تەنانەت ئەگەر لە مجال ئیشەکە مش دابێت هەر بە نظرەیەکی تر سەیر ئەکرێت. وا ئەزانن هەموودنیا بریتییە لەوەی کەکچ و کوڕێك بەیەکەو بوونێتر تەواوریگەیەکی خراپیان گرتووە، بەلام ئەگەر ڕێگەی عاطفیش بێت چییە ئەگەر کوڕوکچێك یەکتریان خۆش بوێت خۆیان یەکتری یان هەڵبژاردبێت چ پێویست دەکات ڕێگر بیت.؟، ڕێگری ئیداریش هەر هەیە زۆر جار مامۆستا یان بەڕێوبەر حەزی نەکردووە کچ وکوڕێك علاقەیان هەبێ بەیەکەوە.لە مجال ئیشەکەدا قسە ناکەن بەلام لە مجالی عاطفی دا حەز ناکەن.

( * باشە ئێوە لەسەر ئەم تداخلانە لە شتی شخصی تان دا نارەزایەتی تان دەرنەبڕیوە.؟).

سۆلاڤ / چۆن؟.. نارەزایەتیمان زۆر دەربڕیوە، چونکە خۆمان بە مسئول دەزانین هەر کەسەو ڕەغبەتی خۆشیەتی.

پاش ئەم دیدارو گفتوگۆیانە لەگەڵ قوتابییانی پەیمانگا دا و پاش ئەوەی ئەم کێشەو ڕێگرییانەی بەردەم خۆیان باس کرد، ڕومان کردە بەڕێوبەری پەیمانگا مامۆستا (حکمت هندی) و لەسەر ئەم کێشانەی قوتابیان پرسیارمان کرد. بەلام بە داخەوە بەڕێوبەر زۆر ڕاشکاوانە ڕای دەگەیەنێ کە ئەوان ڕێگرن لە بەردەم پەیوەندی خۆشەویستی کچ وکوڕ لە پەیمانگا و هەروەها ڕێگریشن لە بەردەم جل و بەرگ پۆشینی ئازادانەیان داو بەم شێوەیە پاساوی بۆ دەهێنایەوە:

حکمت هندی / بەخێرهاتنتان دەکەم، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردستاندا ژن شان بە شانی پیاو کار دەکات، لەسەر مسرح تمثیل دەکات، ئاواز دادەنێ، گۆرانی دەڵێ، مهندسە، دکتۆرە... هەندێ جاریش پێش کەوتووتر دەبێت. پەیمانگای هونەرە جوانەکان یەکێکە لەو شوێنانەی کە لە یەکەم ڕۆژییەوە کوڕو کچ تێکەڵاوە تیایدا.

ڕاستە بوارێك دێتە پێشەوە ئێمە ئەو خوێندکارانەوەردەگرین کەلەخەتەرترین مەرحەلەیژیاندان مراهقن مراهقیش خۆتدەزانیت کچێك لەماڵێك کبت کراوە دێت کوڕێکیش هەروا لێرەش کوڕو کچ تێکەڵاودەبن .

محتەمەلە کوڕێك لە مجتەمەعێکی زۆر دواکەوتووەوەهاتبێت پۆلی سێهەمی تەواو کردووە .

کەدێتە پەیمانگا یەکسەر توشی حاڵەتێکی شەڕم دەبێت لەبەردەم کچەکەدا ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لێرە ئەخلاقیەتێکی زۆر پێشکەوتو فێر بین .

( * باشە بەپێی ئەم حاڵەتانەی خۆت باسی دەکەیت پێت باش نییە کەکوڕ و کچ هەر لەمنا ڵیەوە لە مەرحەلەی سەرەتاییەوە تێکەڵاوبن ؟)

بائەوە زۆر باشەو هەنگاوێکە بۆ پێشکەوتن .

( * باشە مامۆستا تۆ لەدامەزرێنەرانی ئەم پەیمانگایەیت لەساڵی هەشتاکاندا کە پەیمانگا دامەزرا ئەوکاتە کچان ڕویان کردە پەیمانگا موشکیلاتیان چیبوو خێزانەکانیان ڕێگر نەبون لەبەردەمیاندا ؟) .

باوەڕبکە ئەو کاتە زۆر باشتربوو لەهەولێرەوە لەکەرکوکەوە خەڵك کچەکانیان دەنارد لەهەندێ لەبەشەکان ژمارەی کچەکان زیاتربو لەکوڕەکان .

( * هۆکەی چییە ئەوکاتە ژمارەی کچان زۆرتر بوو لە ئێستا، ئێستاش چەندین کچ کە دەیانەوێ لە پەیمانگا

بخوێنن ڕێگری اجتماعی‌یان لە بەردەم دایە؟).

ڕاستی‌یەکەی ناتوانم بڵێم ئێستا باشترە یان ئەو کاتە. ئەوکاتە بۆ نموونە کە دەهات بەشی ناوخۆی هەبوو مانگی ١٥٠ دیناری هەبوو. خواردن هەبوو، بەیانی و نیوەڕۆ. پێخەف هەبو ثلاجە و تلفزیون، بەڵام ئێستا ئەوانەمان نی‌یە. باوکێکیش ئامادە نی‌یە کچەکەی بنێرێ لێرە لەگەڵ چەند کچێکی تردا خانوو بگرێ ڕەنگە هەر بارە ئابووری‌یەکە وای لێ بکات نەتوانێ کچەکەی بنێرێ بۆ پەیمانگا و گوزەران بکات. ئەگینا ئێمە ساڵانە لە شار و شارۆچکەکانەوە خوێندکارمان بۆ دێت بەڵام داوای زەمانەتی ژیانیان دەکەن ئێمەش ناتوانین بۆیان دابین بکەین.

(* کەواتە بێجگە لە ڕێگری اجتماعی بە شێکی ڕێگری ئابووری و معیشی‌یە)

بەڵێ ئەگینا ڕاستی‌یەکەی خەڵک خولیای زۆرە بۆ هونەرەکە.

مامۆستای بەڕێوبەر پاش ئەوەی کە زۆرێک بەسەر توانایی و ئازادی و مافەکانی کچانی خوێنکاردا هەڵی دا بەڵام لەسەر تداخل کردن لە مەسەلە شخصی‌یەکانیان دا بەم شێوەیە دەڵێت:

حکمت هندی: ئێمە یەکەم نیزامێکمان هەیە ئەو نیزامە زی موحدە، کەسێک هەموو تۆڵی ئەکات بە ئاڵتون و دیقەدیقەی[؟] کێکی تری پێ بکات، یان هەروەکو باسم کرد کچێک کە دێتە ئێرە لە خەتەرترین مرحلەدایە ئایا ئەو چی ئەزانێت لە زەواج دڵی خۆی بدات بە منداڵێک یان کوڕێکی مراهق کە ڕەنگە بە قضیەیەی ژن هێنان و زەواج نەبێت وە إنما بە قصدی دەست گەرم کردنەوە بێت ئەوە یاسای ئەم پەیمانگایە ڕێگەی ئەوەمان پێ نادات لەبەر ئەوە ئێمە ڕێگرین لەو حاڵەتەدا. ئەو قوتابی‌یەی دێتە لای ئێمە بۆ عشق عشقێنە نایەت وإنما بۆ هونەر و زانیاری دێت. کەسێک ئەگەر بۆ ئەوە دێت عرضی ازیاء بکات یان جروچاری پڕ بکات لە بۆیە و بۆیەکاری و خوێندکارێکی تریش نی‌یەتی بیکڕێ و بیکات وا بزانم ئێوەش لەگەڵ ئەوە دانین. (* بەڕای من پێم وانی‌یە مەسەلەکە ئەوە نی‌یە کە لەسەر ئاڵتون و دەوڵەمەندی بێت زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە قوتابی‌یەکان باسیان کرد لەسەر چۆنیەتی جل و بەرگەکان بووە نەک لەسەر ئاڵتوون و جلی گران و هەرزان). ئەگەر باسی ئەوەت بۆ بکەم دەرسی ئێمە ٧٥٪ ی عملی‌یە عەمەلیش خۆت دەزانیت لەگەڵ کوردایە حتما دەبێت بۆ ئەو مەبەستە جلێکی باشی لە بەردا بێت. کابرا بۆدی‌یەک لەبەر دەکات هەموو مفاتنی دیارە بە خوا تۆش ڕێگری لەبەردەمیدا، ئێمە یاسایەکمان هەیە؛ (* ئاخر قسەکە ئەوەیە یاسایەک یان نیزامێک نابێت هەبێت بۆ جل وبەرگ هەر کەس خۆی نیزامی هەیە بۆ جل و بەرگی خۆی کەس ناتوانێ نیزامێکی پڕ بە دڵ لە جلو بەرگ دا بۆ کەسێکی تر دیاری بکات لەبەر ئەوە هەرچی‌یەکی بۆ دیاری کەیت لە هەر حاڵەتێک دا ئیجباری دەرنەچێت).

حکمت هندی: ئێمە یاسایەکمان هەیە نیزامێکمان هەیە ئەو نیزامە کۆنترۆڵی هەموو ئەخلاقیەت و داب و نەریتی هەموو خوێندکارێک بە کوڕو کچەوە کردوویەتی سیاسەتی ئێمەش سیاسەتێکی پەروەردەی زۆر بەشدەت لە پێش ئەوەی کە ئەوان فێری علم و معرفەت بکات چونکە ئەخلاق لە پێش معرفەتەوە. ئێمە قەراری وەزارەتی تربیە تطبیق دکەین.



## چەند نموونەیەك لە قسەكانی حكمت هندی

• كوڕێك كە دێتە پەیمانگا پۆلی سێیەمی تەواو كردووە یەكسەر تووشی حاڵەتێكی شەرم دەبێت، لەبەردەم كچەكەدا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لێرە ئەخلاقیەتێكی زۆر پێشكەوتو فێربن !

• كچێك كە دێتە ئێرە لە خەتەرترین مەرحەلەی ژیانی دایە، ئەو چی دەزانێت لە زەواج دڵی خۆی بدات بە منداڵێك یان كوڕێكی مراهق كە ڕەنگە بە قضیەی ژنهێنان و زەواج نەبێت وە إنما بە قسەی دەست گەرم كردنەوە بێت، لەبەر ئەوە ئێمە ڕێگرین لەو حاڵەتانەدا.

• یان بەم شێوە سوكە دەڵێت: كەسێك نابێ بۆ ئەوە بێت بۆ پەیمانگا چرو چاوی پڕ بكات لە بۆیە و بۆیەكاری... !

• ئێمە نیزامێكمان هەیە ئەو نیزامە، كۆنترۆڵی هەموو ئەخلاقیات و داب و نەریتی هەموو خوێندكارێكی بە كوڕو كچەوە دەكات.

ئێمە لە كۆتایی ئەم ڕیپۆرتاژەدا تەنها چەند قسەیەكی زۆر كورت لەسەر قسەكانی بەڕێز، بەڕێوبەری پەیمانگا دەكەین:

لە ڕاستیدا نابێ و ناگونجێ توێژێكی پێشكەوتوو، بەڕێوبەرو پەروەردەكەرەكەیان بەم شێوەیە چاویان لێ بكات و تێیان بڕوانێت. لاوانێكی ئومێد بە دنیا كە لەگەڵ تێكەڵاو بوون بە هونەرو دنیای مۆسقا و گۆرانی و ئەدەبیات و. شانۆ و پەیكەر سازیو نیگار كێشان دا هەست و سۆزو عاطفی ئینسانیان دەبزوێ جا ئەگەر هەرزەكارانە بێت یان كامل و بە تەجروبە بێت، بەم ڕۆحە ئینسانیە زیندووە بڵێن دەست گەرم كردنەوە و ڕێگە لێگرتنیان بە ئاشكرا ڕاگەیەنرێ یاخود كچانی لاو كاتێك بە خۆشی هونەرو ئاواز و دنیای گەنجێتی یانەوە خۆیان ئاڵو واڵا دەكەن، سوكایەتیان پێ بكرێت. بەم شێوەیە خۆیان ڕاتەنی بەم هەموو قەید و بەندە وە ژیان و هەڵسوكەوتی قوتابیان لەو تەمەنە پڕ جۆش و خرۆشەدا كۆنترۆڵ بكرێت بەمەش بڵێن داهێنان و دروست كردنی ئەخلاقیاتی پێشكەوتوو.





# بۆچی سەرپەرشتی منداڵ لە ئەستۆی دایکە؟
# ئەم ئەرکە دەبێ لەسەر شانی دایکان لابرێت

سەرگوڵ ئەحمەد

ئەگەر چاو خشانێکی خێرا بەسەر وەزع و گوزەرانی کۆمەڵگا کوردستاندا بهێنین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان و عێراق بە خراپترین ودژوارترین وەزعی بێکاری وبرسێتی و بێ خانەو لانەیی ژیانیان بەسەر بردوە، وە درێژەکێشانی هەردوو گەمارۆی ئابوری لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان وعێراق گەمارۆی ڕژێمی فاشستی بەعس کە ئانەمتریەکی لە ڕادە بەدەر بەسەر ژیانی هەموو ئینسانەکان هێنا بوو.

لەم نێوەشدا ژنان واتە ( دایکان) زیاتر بەرووی ئەم وەزعە نالەبارە ئەبوونەوەو ڕۆژانە لە خراپترین و ڕەشترین حاڵەتدا ژیانیان دەگوزەرێنن، لەبەر نەبوونی خۆراك و پێداویستیەکان بۆ دایکانی شیردەر هەربەم دایکان لە دڵە ڕاوکێ و ترسی نەبوونی شیر بۆ کۆرپەکەیان بوون کە لە ڕۆژانێکدا نرخی (١ قوتو )شیری منداڵ دەگەیشتە (١٥٠ دینار).

وە لە لایەکی ترەوە ئاستی ئاهۆشیاری دایکان وباوکان وای دەکرد کە منداڵ بوون بە پێی خواستی ئینسانی دایك وباوکەکە دروست نەبێت و لە دەست دەرچوو منداڵەکە پەیدا دەبوو هەربۆیە هەندێ جار پەنایا دەبردە بەر لە ناوبردنی کۆرپەکە واتە (اجهاض).

وە زۆر جار بە هۆی جیاوازی کوڕو کچەوە ژمارەی منداڵەکان لە زیاد بووندا دەبوو تا دەگەیشتە (٨-١٢) منداڵ لە یەك دایك، یاخود بەهۆی نەبوونی کوڕەوە دایکەکە بەر هێرشی ئانەو تەشەرو قسەی ناشرین دەکەوت تا دەگەیشتە ڕادەی جیابوونەوەو طلاق، پاشان بەخێوکردن و سەرپەرشتی منداڵ بەم ژمارە زۆرە لە هەر خێزانێکدا لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا هەردەم لە ئەستۆی دایکدا بووە.

هەر بەو دەلیلەی کە لە یەکەم ڕۆژی لە دایك بوونەوە زۆرترین کات دایکەکە خۆی بە پەروەردە کردنی منداڵەکەوە خەریك دەکات بە پاکردنەوە، شیر پێدان، شەنخونی، وە لەکاتی نەخۆشیدا زۆرترین کات دایکەکە ئاگاداری دەبێت سەرباری لێدان و قسەی سوك وناشرین لە لایەن مێردەکەی ودەنگ بەرزکردنەوەو پێك هێنانی حاڵەتی ناڕەحەتی زۆر، تا دەگاتە ڕادەی خۆسووتاندن و خۆکوشتن یادەکوژرێ، لە کاتێکدا کە دایکان زیاتر هیلاك دەبن بەکاری نێوماڵ کە هەندێکیان کاری دەرەوەشیان هەیە وە دەبێت خزمەتی مێردەکانیشیان بکەن، بەڵام کاتێ شتێ ڕووی دا یاخود شتێکیان بە بێ خواستی هاوسەرەکەیان کرد لەم کۆمەڵگاپیاو سالاریەدا دەبێت بەو شێوەیە ڕسوا بکرێت و لێیان بدرێت و لوتیان ببرێت، دایکان بەم شێوەیە دەچەوسێنەوە.

لەم کۆمەڵگایەدا دایکان سەرباری ئەم هەموو زوڵم وبێ‌مافیە وەك وەسیلەی بەرهەم هێنانی منداڵ چاو لێدەکرێ وەدەبێت لە چوار دیواری ماڵەوە بێت، بە حەیاو حورمەت بێ، شەرمن بێ، دەنگ بەرز نەکاتەوە، بە هەموو شتێك ڕازی بێت وە هەموو ئەو ناخۆشیانە قبوڵ بکات کە بەسەری دێت، چونکە " لە ناوچاوانی نوسراوە و دەبێت شوکرانە بژێرێت".

دیارە لەم کۆمەڵگایەدا یاسایەك بەڕێوە دەچێت کە شەرعیەت دەدات بە چەوساندنەوەی ( دایکان) ژنان لە کاتێکدا دایکان ئەم بارە قورسە لەسەر

# ئاماژەی ئامارەکان

ئەو زۆربونەی کەڕویدا لەڕێژەی تاوان کردن. لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی دنیادا زیادبوونی تاوانەکانی ژنانی لەگەڵدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگا نامیەکاندا بشوبهێنرێ وبەراورد بکرێ لەگەڵ کۆمەڵگا پیشەسازی و دەوڵەتە پیشەسازی یە سەرمایەداری یەکاندا،ئەگەر سەیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین کەلە سەروی دەوڵەتە پیشەسازی یە سەرمایەداری یەکانەوە دێت کە تێیدا تاوان بڵاودەبێتەوە وڕێژەکەشی بەرز دەبێتەوە دەبینین کە زۆری ڕێژەی تاوانەکانی ژن سەرنج ڕادەکێشێ وبەتایبەتی ئەوەی کە پێی دەوترێ تاوانی خەتەرناک. ئامارەکانیش ئاماژەیی ئەوە دەکەن کە ڕێژەی تاوانەکانی ژنان لە کۆی ژمارەی گیراوان دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ساڵی ١٩٥٣، ١٠,٨٤٪ بووە، زیادی کردووە بۆ ١١،٦٨ ٪ ساڵی ١٩٦٣. تاکو لەساڵی ١٩٧٥ گەیشتە ١٥,٧٠ ٪.

هەروەها ڕێژەی زۆر بوون لە تاوانەکانی ژنان دا لە ساڵی ١٩٥٣وە بۆ ١٩٧٥ گەیشتە٢٢٪ ساڵانەوە لە تاوانە خەتەرناکە کانیشی دا گەیشتە ٥٠٪ لەساڵێکدا. ئەم ڕێژەیەش دەستی کرد بە بەرز بونەوە بەشێوەیەکی بێنراو تاکو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٧٥ واتە لە ماوەی تەنها پێنج ساڵدا گەیشتە نزیکەی ٢٣٪ لە ساڵێکدا، وە ٧٨٪ بۆ تاوانە خەتەرناکەکان.بەسەیر کردن لە ئامارەکانی تاوان لەمصر وەك یەکێك لەدەوڵەتە نامیەکان جیاوازی یەکی گەورە هەیەلە ڕێژەی تاوانەکانی توندو تیژیلای ژنان وگۆرانکاری یەك کە بەسەریدا هاتووە، دەردەکەوێت. وە بەسەیر کردنی خشتەی ژمارە (١) ئەتوانین هەندێ لەو ڕێژانەی کە ئاماژەی ئەوەی سەرەوە ئەکەن، بەدەست بهێنین.

**خشتەی ژمارە (١) کە ژمارەی تاوانباران بە تاوانی توندو تیژی کە بە پێی جۆردابەشکراون بۆ ساڵەکانی ١٩٨١ - ١٩٨٧ ڕوون ئەکاتەوە:**

| تاوان | ١٩٨١ | | | ١٩٨٧ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی تاوانبار | پیاو | ژن | ژمارەی تاوانبار | پیاو | ژن |
| کوشتنی ئەنقەست | ١٢٨٨ | ١١٩٥ | ٣٣ | ١٥٠٣ | ١٤٧٢ | ٣١ |
| لێدان بوەتە هۆی مردن | ٢٣٩ | ٣٢٨ | ١١ | ٤٩٢ | ٤٨٢ | ١٢ |
| لێدان کەبوەتەهۆی دروست بوونی عەیبەیەك | ٢٠٨ | ١٩٩ | ٩ | ١٦٤ | ١٥٨ | ٦ |
| دزین وئەشکەنجەدان | ١٥ | ١٤ | ١ | ٥٨ | ٥٤ | ٤ |
| دەست درێژی جنسی | ١٣٦ | ١٣٣ | ٣ | ٢١٨ | ٢٠٥ | ١٣ |
| تەهدید (هەرەشەکردن) | ٥ | ٣ | ٢ | ٦ | ٦ | — |
| سوتانی ئەنقەست | ٢٤ | ٣١ | ٣ | ١٠٧ | ١٠١ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٢٥ | ١٩٦٣ | ٦٢ | ٢٥٥٠ | ٢٤٨١ | ٦٩ |
| کۆی تاوانباران لە تاوانە جۆراو جۆرەکانی کوشتن دا | ٢٦١٤ | ٢٦٠١ | ٩٣ | ٢٧١٧ | ٣٦٠٧ | ١١٠ |

ئەم خشتەیە وەرگیراوە لە بەیاننامەکانی وەزارەتی ناوخۆ، (مصلحة الأمن العام) ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٨١، لاپەڕە ١٢، ١٣ و ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٨٧ لاپەڕە ١٢ ، ١٣.

بە خوێندنەوەی خشتەی ژمارە (١) وبە سەرژمێرییەکی سادە، هەندێك لەم ئامارە بۆ کراوانەمان بۆ دەردەکەوێت کەگرنگترینیان:-

١-ڕێژەی تاوانباران لە تاوانەکانی توندوتیژی دا کە شەش بەند پێك دێنن لە ١٧ بەند، دەگاتە ٧٥,٥٪ لە کۆی ژمارەی تاوانباران لە تاوانە جۆراو جۆرەکان دا لە ساڵی ١٩٨١، ٦٨,٦٪ ساڵی ١٩٨٧.

٢-ڕێژەی تاوان لای ژنان لە کۆی ژمارەی تاوانباران لە پیاوان و ژنان دا لە ساڵی١٩٨١ لە ٣,٥٪ زیاتر نییە و٣٪ ساڵی ١٩٨٧، ئەم ڕێژەیەش دادەبەزێت لە تاوانەکانیتوندو تیژی دەگاتە ٢,٣٪ ساڵی ١٩٨١، ٢,٧٪ ساڵی ١٩٨٧.

٣-ڕێژەی تاوانباری لە ژنان لە تاوانەکانی توندو تیژی دا لە کۆی ژمارەی ژنە تاوانبارەکان لە ساڵی ١٩٨١ دا دەگاتە ٦٦,٧٪ ، وە لە ساڵی ١٩٨٧ دا دەگاتە ٦٢,٧٪ .

٤-ڕێژەی تاوانباران لە ژنان لە تاوانەکانیکوشتن دا چ کوشتنی ئەنقەستی یان کوشتنێك کە بوەتە هۆی مردن لە ساڵی ١٩٨١ لە کۆی ژمارەی تاوانباران دەگاتە نزیکەی ٤٧,٣٪، وەلەساڵی ١٩٨٧ دەگاتە ٣٩٪ .

بە خوێندنەوەی خشتەی پێشوو ژمارەکانی وئەو ڕێژانەی کە لێوەی بەدەست هاتووە، دەردوکەوێت کەبە شێوەیەکیگشتی کەم بونەوەیەك هەیە لەڕێژەی تاوانەکانی شك لێکراوەی نابێ بە تەواوەتی بەڕاستی بزانین بە تایبەت ئەگەر متابعەی پێشکەوتنی تاوانەکانی توندو تیژیمان کرد لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٨٧ و ئەو گۆڕانکارییەی کە بەسەریدا هاتووە، هەدەفمەندانە وەرمان گرت، دەردەکەوێت کەڕێژەی تاوانەکانیتوندو تیژی لەساڵی ١٩٧٠ دا لە کۆی ژمارەیتاوانەکانی کە ئامارەی بۆ کراوە دەگاتە٧٠,٧٪ وە ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە ٧٤,٥٪ ئینجا لە ماوەی ٧ ساڵدا دادەبەزێت بۆ ٦٥,٢٪ .

هەر کەسێك کە لە کۆمەڵگای مصری‌دا بژی یان متابعەی بکات دەتوانێت بەم ماوەیە ئەو گۆڕانکارییانە کە بەسەریدا هاتووە وقەیران و مشکلەکانی کەهەرکەسێکی پێوەی ئەناڵێنی‌کە دڵنیا ئەبین لە بەیاننامەکانی (مصلحە الامین العام) لە وەزارەتی ناوخۆدا هەرچەندە کەئەوێ تەنها سەرچاوەی سەرەکییە کە لێکۆڵەرەوەکان پەنایی بۆ دەبەن لەکاتی ڕووبەڕو بونەوەیان لەگەڵ گیروگرفتەکانی تاواندا.

سەرباری گومانی پێشوومان لە ڕاستی ئامارەکان،ئەتوانرێ لەڕێگەیئەو بەیاننامانەوە تاکید بکرێت کە ڕێژەی تاوان لای ژن زۆر کەمترە ئەگەر بەراورد بکرێت بەو ڕێژەیەی لە نێو پیاوان دایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە سەرنج ڕائەکێشێت بەرز بونەوەی ڕێژەی تاوانەکانی توندو تیژییە چ لەنێو پیاوان دا و چ لە نێو ژنان دا، کە ڕاستی ئەوەی پێشوو ئیشارەمان پێدا ئەسەلمێنێت لەسەر زۆری ڕوکردنە هەڵسو کەوتی توندو تیژی وەك یەکێك لە سیفەتەکانی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگای پێ جیا ئەکرێتەوە.

وە کاتێ گرنگترین ئامارە پێکراوەکانی تایبەت بە تاوانمان ناسی ونزم بونەوەی‌ئێجگار زۆری ڕێژەی تاوانەکانی ژنانمان بۆ دەرکەوت، جێی خۆیەتی کە دیوی ئەو دیوی تاوانەکانیش بزانین کە ئەویش توش بووان وگیان بەخت کردوانن. وە بە سەیر کردنی خشتەیژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت:

لە تاوانەکانی تر، کە پێویست بوو ئەم ئەنجامانەمان دەست کەوتایە و لە بارەیەوە لێکۆڵینەوەمان لەسەر بکردایە کە ئەمەش پاڵی پێوەناین بۆکردنیسەر ژمێری یەکی تر لەسەرچاوەیەکی تر لە سەرچاوەکانی زانیاریکان بەڵکو بە کەڵك بێت بۆ دڵنیا بوونیان ڕاست کردنەوەی هەندێ لە ئەنجامەکانی چەندێتی تایبەت بە ئامارەکانی تاوان لای ژنان. یارمەتیشی داین بۆهەنگاونان بۆ ئەم مەسەلەیە بە بێ ڕیز کردنی ڕاپۆرتەکانی ئاسایشی گشتی سەبارەت بە دابەشکاری‌یەکانیان بۆ تاوان، دوو تاوان کە تێوە گلانی ژن پێوەی ئاشکرایە ئەوانیش تاوانی بازرگانی و دانی مخەدەرات و (موادی بێ هۆشکەر) تاوانی لەش فرۆشی.

ڕە توانیمان پاش چەند سەردانێك بۆ زیندانەکانی ژنان لە (القناطر)، سەرژمێریەك بکەین لە ژمارەی زیندانی‌یەکانی کە لە زیندانن و ئەوانەش کە حوکم دراون بە تاوانی جۆراو جۆرەدەرکەوێت کەنزیکەی ۱۲۰۰ زیندانی لێیە کە نزیکەی ٤٠٪ یان بە تاوانی تلیاك حوکم دراون و نزیکەی ۲٥٪ حوکم دراون بەتاوانی لەش فرۆشی و ۲٥٪یان حوکم دراون بە تاوانی دزین ودزینی گیانی (خطف) وسواڵ کردن و ۱۰٪ یان حوکم دراون بە تاوانی کوشتن، ٥٠٪ یان تاوانی کوشتنی مێردەکانیان و ٥٠٪ ی‌تریان حوکم دراون بە تاوانی کوشتنی خەسو یا کوڕی مێرد یا کچی هاوڕێی مێردەکەی یا هاوڕێی‌سەر کار یا دراوسێ و هتد........ لەتاوانەکانی کوشتن.

ئەم سەر ژمێری‌یانە یەکێك لە ئەنجامەکانی بەیاننامەکانی (مصلحە الامن العام) کە پێشوو متمانەی پێکرا بوو، سەرتاپا هەڵی دەگێڕێتەوە، چونکە لە کاتێکدا کە ڕاپۆرتەکانی ئاسایشی گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ ئەوە دەردەخات کە بەرزترین ڕێژە لە تاوانەکانی ژنان ئەکەوێتە تاوانەکانی توندو تیژی -بە شێوەیەکی دیاری کراو کوشتن-ەوە، سەر ژمێری‌یەکەی زیندان دەری دەخات کە کەمترین ڕێژە لە زیندانی‌یەکان ئەکەونە نێو تاوانباران بە کوشتن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشان و سەر سوڕمانە بەرز بونەوەی ڕێژەی بکوژانی مێردە تانیوەی ژمارەی زیندانی‌یەکانی کە بە تاوانی کوشتن حوکم دراون کە ئەمەش بەرزی ڕێژەی توندو تیژی خێزانی نیشان دەدات بە تایبەت کەئەگەر ئەم ڕێژەیەمان خستە پاڵ ئامانجەکانی توندو تیژی کە لە دژی ژنان ئاراستە کراو، کە پێشو ئامارەمان پێی داو دەریشی دەخات کە توش بووانی توندو تیژی لە ژنان لە ساڵێك دا گەیشتە نزیکەی ۸٦ حاڵەت کە تەنها ئەمە لە بڵاوکراوکان دا بڵاوکراوەتەوە.





# بڕوانــه مانشــێتی ڕۆژنامه‌کان پڕبوّته‌وه بـــه تاوان

ئه‌م بابه‌ته له کتێبی (العنف الأسري) د. لیلی عبدالوهاب وه‌رگیراوه
نه‌سرین عبدالله لــه زمـانی عه‌ره‌بیـیـه‌وه وه‌رگێڕاوه



سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانەی کە کۆمەکیان کرد بە گۆڤاری
رەهـــــا

- شێرکۆ بێکەس
- شێرزاد حسن
- امجد غفور
- أسدی گولچین
- أحمد ئابلاخی

سەرنووسەر

No:.(0) 1999

# Raha

A political Cultural Magazine